# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی نۆهەم ژمارە (194) بەرواری 1–7–2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## مێژووی شکست نەخواردووەکان... بۆ یادی شۆڕشی ئێران...

نووسینی: مەنسور حیکمەت...ل10-11

## سوپاسەکان بۆ ئێوە، ئێمە موچەمان دەوێت!

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی!! هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، کە ٢٥ حوزەیران ئەنجامیدا، لە پەیوەند بە پرسی موچەوە سوپاسی خەڵکی کوردستان و موچەخۆرانی کرد بۆ خۆراگریان. بارازنی لە بەخشینی سوپاس بۆ موچەخۆران تابڵیی دەست بڵاوەو لەهەموو دیمانەو کۆنفرانسە رۆژنامەگەرییەکان و لێدوانەکانیدا، سوپاسی فەرمانبەران دەکات، لە کاتێکدا فەرمانبەران لە وەرگرتنی سوپاسدا تێرن، بەڵام بەهۆی بێ موچەیی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، برسی و لەژێر مەنگەنەی سەختی ژیان و گوزەراندان. مەسرور بارزانی و بەرپرسە دەستڕۆشتوەکانیان لە حزب و حکومەتدا!! لە کاتێکدا باش دەزانن سوپاس و باسی کەرامەت، سکی برسی کەس تێر ناکات و ویستی هیچ منالێک لە دایک و باوک و سفرەی بێنازی هیچ خێزانێک وەڵام ناداتەوە، کەچی




بۆ لاپەڕە 3

## ڕێگری لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی ناتوانێت پاشەکشە بە بزوتنەوەی ڕەوای فەرمانبەران و خەڵکی کوردستان بکات!



موچەخۆرانی کوردستان، بۆ داوای مافی زۆر سادەی خۆیان کە موچەیە، بریار بوو رۆژی ٢٦ حوزەیران خۆپیشاندانێکی مەدەنی سازبدەن، بەڵام لە جێگای ئەوەی دەزگا ئەمنیەکان بەرپرسیاریەتی بگرنە ئەستۆ و پاریزگای لەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە بکەن، لە رێگای بڵاوپێکردنی ژمارەیەکی زۆری ئاسایش و پۆلیس، نەک تەنها ڕیگریان لە ئەنجامدانی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- خوێندنەوەم بۆ ئەم جەنگە دڕندانەیەی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و ئێران............ل4
- پرسی ڕۆژ تایبەتە بە پرسی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان..........................ل5
- سەبارەت بە لە سێدارەدانەکانی ئەم دواییەی ئێران....................................ل6
- لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا کێ بەرپرسیارە لە برسێتی خەڵك........................ل6
- ئێمە بەرەی سێیەمین.................................................................ل7
- دەست بەکڵاوەکەی خۆتەوە بگرە با نەیبات............................................ل7


## لە مووچە بڕینەوە بۆ زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان بەرهەمی سیاسەتێکی شکستخواردوەو دەبێت ڕاگیرێت!

ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری...ل12


## وتەی ژمارە

## جەنگی دوانزە ڕۆژە...ئامانج و ئاکام و قوربانییەکانی!

عەبدوڵا مەحمود

دوای ١٢ رۆژ جەنگی نیوان ئیسرائیل و ئیران، شەڕ ڕاگیرا. ئەم جەنگە کە لە بنەرەتدا جەنگ و ململانێی بلۆک بەندییەکانی دنیاییە لە هەلومەرجێکی تازەدا، بەتایبەتی جەنگ و ململانێی نێوان ئەمریکا و غەرب، لەگەڵ چین و روسیایە.

شکست لە بنیاتنانی دنیای یەک قوتبی کە ئەمریکا بەدوای شکستی بلۆکی شەق بەدوایەوە بوو، بەجەنگی کەنداو دەستی پێکرد، بەڵام لە ئاکامی شکستی ئەمریکا و ناکام مانەوەی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەکردەوە جێگای خۆیدا بە پێگرتنی دنیای چەند جەمسەری کە چین و روسیا یەکێک لە جەمسەرە بەهێزەکانی دنیای چەند قوتبی ئەمرۆن.



جەنگی ئیسرائیل کە بە پشتیوانی و هاوکاری راستەوخۆی ئەمریکا و رۆژئاوا لەدژی فەلەستینیەکان، لە پێناو قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەستی پێکرد، توانی تارادەیەکی زۆر هێزە نیابەتیەکانی جمهوری ئیسلامی لەوانە حەماس و حزب الله و لاواز بکات و گورز لە حوسییەکان بدات، تا دەگاتە روخانی رژێمی بەشار ئەسەد... هەموو ئەوانە پێگەی ئێرانی وەکو جەمسەرێکی ناوچەیی وابەستە بە بەرژەوەندیەکانی چین و روسیا، لاواز کرد. لاوازکردنی ئیران، روخانی رژێمی بەشار ئەسەد، ئارایشی رۆژهەڵاتی ناوەراستی بەتەواوەتی بەرەو گۆڕانکاری برد. پێگەی تورکیا و ئیسرائیلی بردە سەرەوە. سوریای لەسەر بنەمای وەرچەرخان بەرووی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و غەرب و ڕیکەوتن لەگەڵ ئیسرائیل سازدایەوە... ئەوانە هەنگاوی گرنگ لە ئامانجە فراوانترەکانی ئەمریکا و غەرب بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا و بە ئاقاری بنیات نانی" رۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێ". هەنگاوی دووەمی ئەمریکا و غەرب بۆ تەواوکردنی پرۆسیسی "رۆژڵاتی ناوەراستی نوێ" بەردەوامیدان بوو بە کۆتاییهێنان بە هیزە نیابەتیەکانی تری کۆماری ئیسلامی ئیران لەوانە جڵەوکردنی حوسییەکانی یەمەن، لیدان و نەهیشتنی هیزە میلیشیایەکانی عێراق،

بۆ لاپەڕە 2


پرسی ڕۆژ ل5
گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

دوورخستنەوەی عێراق لەژێر هەژموونی جمهوری ئیسلامی، زیاتر لاوازکردنی ئیران و تەریک خستنەوەی...تاد.

ئەمریکا و غەرب، لەچوارچێوەی ئەم پرۆسەیدا بۆ سازادانەوەی ئارایشی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، وەکو حەوزەیەکی گەورە و سەرچاوەیەکی زۆر زەبەندی وزە و دەستی کاری شپرزەبوون و پەشۆکان و لەدەست دەرچوونی هەژموونی ناوخۆی و ئەمنی و دارڕمان بگرێت و توانی ریگە لە لەدەست دەرچوونی کۆنترۆڵ ببەستێت. یەکەمین گورزی بەهێزی ئیسرائیل سەرباری سەختی و کاریگەرییەکانی نەیتوانی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئیران توشی دارمان بکات، ئیران بە خۆگرتنەوە و هاتنە دەست و بۆمبابارانکردنی ئیسرائیل و شارە سەرەکیەکانی لە ریگای موشەکاکانی، لەوانەش زیاتر برینی هیزی بەرگری هەبووە، هیرشەکە زۆرتر سمبولیک بوو، بەڵام هەڵگری دوو پەیامی ئاشکرا بوو... یەکەم: ئیران نیشانیدا کە هێشتا دەتوانیت بنکەکانی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بکاتە نیشانە و بپێکێ. دووەم: پەیامێک بوو بە وڵاتانی ناوچەکەو کەنداو کە ئێران وەک هێزێکی کارا هەژموونی بەسەر ناوچەکەدا ماوەو هەیە.

لە جەنگی ١٢ ڕۆژەدا، ئیران گورزی هەرزان، پێویستیان بە لابردنی کۆسپەکانی بەردەمیان بوو، لەپێناو گۆڕینی ناوچەکە بە مەیدانی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریی و بازرگانییەکانیانیان. لە دۆخێکدا کە هەژموونی چین و روسیا بەهۆی روخانی رژێمی بەشار ئەسەد و لاوازبوونی ئیران، بەرەو خوار هاتبوو. ئیسرائیل بەهاوکاری و هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا، لە جەرگەی گفتوگۆکانی ئیران و ئەمریکادا، هێرشی کردە سەر ئیرانی پەڕو باڵکراو. ئامانج لەو هێرشە پاساوەکەی چەکی ئەتۆمی و هۆکارە سەرەکیەکەی رامکردنی ئیران و خۆبەدەستەوەدان بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و دورخستنەوەی ئیران لە هاوکاری و پەیوەندی ستراتیجی دوورمەدوا لەگەڵ چین و روسیا بوو. لە یەکەمین هێرشەکانی ئیسرائیلیدا بۆسەر ئیران، ئێران گورزێکی قورسی بەرکەوت کە ژمارەیەک لە فەرماندە سەربازییەکانی سوپای قودس و زانای ئەتۆمی و کوژران و چەندین دامەزراوەی سەربازی و ئەتۆمی زیانی زۆریان بەرکەوت، ئەم هیرشانە بۆسەر ئیران لە کاتێکدا کرا کە ئیران و ئەمریکا لە گفتوگۆدا بوون و سەرۆکی شاندەکانی گفتوگۆ وە خودی ترەمپ باسیان لە بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکان دەکرد، بەمەش ئیران بەتەواوی غافڵگیر کرابوو. بەڵام ئیران توانی ڕیگە لە ئاسمانی ئەمریکا و ئیسرائیل، ئەمریکا و ئیسرائیلی لە خەوێکی قوڵدا بە ئاگا هێنایەوە درۆی لە شکان نەهاتووی هیزی بەرگری پۆلاینی و قەلغانی بەرگری هەمەچەشنی، پوچەڵ کردەوە. شارە سەرەکیەکانی، ئیسرائیلی فەلەج کرد و ژیانی ڕاگرت. ئەمە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل ناچاوەڕوان کراو و شۆک هێنەر، بوو. درێژە کیشانی جەنگ و بەردەوامی هیرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر ئیران و وێرانکارییەکانی، نەیدەتوانی وەڵام بێت بە ڕیگریکردن لە شەلەل بوونی ژیان لە ئیسرائیل و بەرگریکردن لە موشەکەکانی ئیران بۆ ناو قوڵایی شارە سەرەکیەکانی. ئەم دۆخە ئەمریکای ناچارکرد زوو بێتە ناو جەنگەکە. هاتنە ناوەوەی ئەمریکا و بۆمباباران کردنی بنکەی ئەتۆمیەکانی فۆردو نەتەنزو....تاد، زیان گەیاندن پێیان، بووە هەنگاوێکی ناچاری بۆ بەرگرتن بە درێژە کیشانی جەنگ و پاساو بۆ کۆتاییهێنانی. سەرئەنجام دوای ١٢ ڕۆژ لە بۆمباباران و قوربانیانی زۆر لە خەڵکی بێتاوانی هەردوولا، هەردوو لا ڕەزامەندیان لەسەر ڕاگرتنی جەنگ دا.

دوای بۆرودمانەکانی ئەمریکا، ئێران گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمریکی لە قەتەر کردە نیشانە... هەر چەندە ڕیکەوتنێک لەسەر ئەم وەڵامدانەوەیە سەربازی گەورەی بەرکەوت، بەڵام ئەمریکا و ئیسرائیل نەک بە ئامانجەکانیان نەگەیشتن، بەڵکو سەرەتایی کۆتای ڕەوەندێک و پێچەوانەکردنەوەی هاوکیشەکانی بەدوای خۆیدا هێنا.

ئامانجی ئەمریکا و ئیسرائیل، خۆ رادەستکردن و رام کردنی ئیران و دوورخستنەوەی لە هاوپەیمانیەتی ستراتیجی و درێژ مەودا لەگەڵ چین و روسیا و لاوازکردنی بوو. ئێران بە بەرگری کردن و خۆ رادەست نەکردن، بەواتای نا وتن بە پەیوەست بوون بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و غەرب، هەم ئەو ئامانجە سەرەکی و بناغەیەی ئیسرائیل و ئەمریکای شکستدا، هەم ئامادەیی و توانایی بۆ دوبارە هاتنەوەی بۆ نێو کایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە، نیشاندا. جیا لەوانە هیزە نیابەتییە شکست خواردوەکانی ئیران دەخاتەوە سەر کەڵکەڵەی دوبارە خۆ سازدانەوە و ئومێد پەیدا کردنەوە.

ئیران کە ماوەیەکی زۆر لە ڕیگای هیزە" پرۆکسیەکان/ نیابەتیەکان" وە، ئامادەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و هەژموونی زاڵ و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو غەربی لە مەنگەنە دابوو، ئامادەیی بۆ جەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل نەبوو، بەڵام کە بەسەریدا سەپا، توانی بەرگری بکات و ناوجەرگەی ئیسرائیل کە رووبەریکی سنوردار و کەمی هەیە بکاتە نیشانە. دەتوانین بڵێین روبەری فراوان و گەورەی ستراتیجی و جیو سیاسی ئیران، لەبەرامبەر بە جغرافیای کەمی ئیسرائیلدا هۆکارێک بۆ ناکامی ئیسرائیل و ئەمریکا لە گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکانیان بوو.

ئاکامی ئەم جەنگی ١٢ ڕۆژەیە، ناکام کردنەوەی ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، دوبارە سەر بەرزکردنەوەی ئیران لە ناوچەکە، ئومێد بەخشینەوە بە هیزە نیابەتیەکانی... وە راگرتن و دواخستنی ئامانجەکانی تری ئەمریکا و غەرب بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەتاییەتیش ناکامکردنەوەی ئەو ئامانجە بوو کە خوازیار بوو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ببێت بە زۆنی باڵادەستی تاک لایەنەی ئەمریکا و غەرب و دوورخستنەوەو کەنار خستنی چین و روسیا.

ئاکامێکی تری جەنگی ١٢ ڕۆژە، خۆکۆکردنەوەی رژێمی کۆنەپەرستی ئێران و هەوڵە بۆ ڕێکخستنەوەی ریزە ناوخۆییەکانی، دوبارە هەوڵدانە بۆ خۆچەکدارکردن و بردنە سەری تواناییە سەربازی و لەوانەش بەرگری ئاسمانی، پاشەکشەکردن بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، دەستبردنە بەشەپۆلێکی لە سەرکوتی نەیارانی سیاسی و رابەرانی کریکاری و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت.

ئەم جەنگە دوانزە رۆژەیە، بەجیا لە ئامانج و ئاکامەکانی، هاوکات قوربانیانی زۆری هەیە. قوربانی یەکەمی ئەم جەنگە خەڵکی بێتاوان و کاولکاری لە ئیران و ئیسرائیل، ناکامی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئامانجەکانیان، عەزمەتەلەبی ئیران ئاریامیهری و سلیبریتیەکان، ناسیونالیستە کوردەکان و ئەو چەپانەن کە هەموویان ئاوات و ئومیدی خۆیان بەلاواز بوون و روخاندنی جمهوری ئیسلامی لە ڕێگای جەنگ و ملهوری و بۆمب بەستۆتەوە بۆ دەستراگەیشتن بە سوچیکی دەسەڵات.

**سەرەتایی تەموزی ٢٠٢٥**

**ئاکامی ئەم جەنگی ١٢ ڕۆژەیە، ناکام کردنەوەی ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، دوبارە سەر بەرزکردنەوەی ئیران لە ناوچەکە، ئومێد بەخشینەوە بە هیزە نیابەتیەکانی... وە راگرتن و دواخستنی ئامانجەکانی تری ئەمریکا و غەرب بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەتایبەتیش ناکامکردنەوەی ئەو ئامانجە بوو کە خوازیار بوو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ببێت بە زۆنی باڵادەستی تاک لایەنەی ئەمریکا و غەرب و دوورخستنەوەو کەنار خستنی چین و روسیا...**

**ئاکامێکی جەنگی ١٢ ڕۆژە، خۆکۆکردنەوەی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران و هەوڵە بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزە ناوخۆییەکانی، دوبارە هەوڵدانە بۆ خۆچەکدارکردن و بردنە سەری تواناییە سەربازی و لەوانەش بەرگری ئاسمانی، پاشەکشەکردن بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، دەستبردنە بەشەپۆلێک لە سەرکوتی نەیارانی سیاسی و ڕابەرانی کریکاری و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت...**

# درێژەی: سوپاسەکان بۆ ئێوە، ئێمە موچەمان دەوێت!

لەهەموو کۆبونەوەیەکدا لەلایەکەوە سوپاس دەبەخشنەوە و لەلایەکی ترەوە باس لە هەوڵدان بۆ بەرگری لە مافە دەستورییەکانی خەڵکی کوردستان و بەردەوامی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا، دەکەن. ئەم سوپاس بەخشینەوە و هەوڵ لەگەڵ بەغدا بۆ ڕیکەوتن و چارەسەری پرسی موچە زیاتر لە ١٠ ساڵە درێژەی هەیە، کەچی نەسوپاسەکان و نە هەوڵەکانی سەرانی هەرێم، بەجێگایەک نەگەیشتن و بن بەستن.  بارزانی و بەرپرسەکانی هەرێم، لە کاتێکدا هەموو داهاتە نەوتی و نانەوتیەکانی کوردستانیان لە دەستدایە و دەتوانرێت لەو داهاتانە موچەی فەرمانبەران دابین بکەن، خۆیان دەدزنەوەو ئولفەتیان بە بەغداوە گرتووە، دەیانەوێت بودجەی بەغدا، بۆ فەرمانبەران وداهاتی نەوتی و نانەوتی ناوخۆیی، بەتەواوەتی بۆخۆیان بێت... کاتێک لەگەڵ بەغدا توشی کێشە دەبن، ئامادەنین لە داهاتی ناوخۆ موچە دابەش بکەن... جیا لەوانە هەموو بەرپرسانی هەرێم پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە بەهۆی راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمەوە لە ماوەی دوو ساڵدا زیانی ٢٥ ملیار دۆلار بە داهاتی عێراق گەیشتووە، کەچی دوای نزیک بەدەساڵ لە فرۆشتنی نەوت نەک داهات دیار نییە، بەڵکو هەرێمیان خستۆتە ژێر قەرزێکی نزیک بە ٣٠ ملیار دۆلاری. تەنانەت لە ئێستادا رۆژانە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بە قاچاغ دەفرۆشرێت، کەچی داهاتی ئەو نەوتە دیار نییەو دەچێتە گیرفانی حزب و بنەماڵەو بەرپرسەکان. لە دۆخێکی ئاوادا کەبەرپرسانی حزبی و حکومی و بنەماڵەی دەسەڵات خۆیان و بنەماڵەکانیان، لەو پەریٚ نازو نیعەتدا دەژین و بوونەتە ملیۆنیر و ملیاردێر، تەنها سوپاس و هەوڵ لەگەڵ بەغدا بۆ ڕیکەوتن بەیان دەکەن و شکۆ و کەرامەت، وەکو بەدیلی موچە و دابەش کردنی بەدەستەوە دەگرن. لەوەش زیاتر هێشتا داوای خۆراگری لەخەڵکی کوردستان و سەبر و پشتوانیان لیٚ دەکەن، بیٚ ئەوەی خۆیان ئامادەبن، دەست لە دەست بەسەراگرتنی داهات و دزی و فرۆشتنی نەوت بە قاچاغ هەڵبگرن.

خەڵکی کوردستان و موچەخۆرانی، کە قوربانی دەستی دەسەڵاتی حزبۆکراتی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیانن، پێویستە بەکردەوە و بە هاتنە مەیدانیان وەڵامی فریوکارییەکانی دەسەڵات و دزییە چەند سەرەکانیان بدەنەوە و لەسەر هێڵ و ئاراستەی کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە خەبات و تیکۆشانیان یەک بخەن و فراوان بکەنەوە. لە ژێر ئاسۆی رزگاری یەکجارییدا کۆببنەوە و هەنگاوەکانی سپاردنی ئەم دەسەڵاتە بە مێژووی تاوانکارانەیان بسپێرن...

***************

# درێژەی: رێگری لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی ناتوانێت پاشەکشە بە بزوتنەوەی ڕەوای فەرمانبەران و خەڵکی کوردستان بکات!

گرت، بەڵکو ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڵسوراوانییان دەستگیر کرد و کەوتنە ئازاردانی ژمارەیەکیشیان...

پاساوی ئەم مامەڵەیەی دەزگا ئەمنیەکان نەگونجانی دۆخەکەو بوونی زانیاری بووە لەسەر ئەوەی کە کەسانێک هەن دەیانەوێت گرژی دروست بکەن و ئاژاوە بنێنەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە خودی دەستگیرکردنی پیش وەختەو میلیتاریزەکردنی شار خۆی ئاژەوەگێری و سەرچاوەی دروستکردنی گرژییە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە، هاوکات ئەگەر هەواڵیکی لەچەشنی ئەوەی کەسانێک دەیانەوێت توندوتیژی بنوێنن، رێگاکەی ئەوە بوو ئەو کەسانە دەستگیر بکرێن و توشی لێپرسینەوەی یاسایی بکرێنەوە، نەک سزای فەرمانبەران و چالاکوانە مەدەنیەکان بدرێت و رێگە لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین بگیرێت...

کیشەی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان، کیشەی سەرجەم خەڵکی بێبەشی کوردستانە و هەردوو دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان لە حکومەتی کارتۆنی و دیکۆردا، بەرپرسی ئەم کێشەیەن. کەچی لە جێگای ئەوەی بەدوای ریگەچارەیەکی کارسازدا بگەڕێن و لەو هەموو داهاتەی لە ڕیگای جۆراو جۆرەوە دەستیان دەکەوێت، پرسی موچە چارەسەر بکەن و چیتر چاوەروانی هاوبەشە گەندەڵ و دزەکانیان لە بەغدا نەبن، ریٚگا لە خۆپیشاندانیان دەگرن و رێگای سەرکوت و زیندان بەدەستەوە دەگرن.

دیارە هێز گەلێکی سیاسی کە بۆ زیاتر لە سیٚ دەهەیە دەسەڵاتدارێتی هەرێمن، نەتوانن ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان زامن بکەن و سەرەتاییترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن و لەوەش زیاتر خۆیان ببنە مۆتەکەو ئەندازیاری دزینی قوتی هاوڵاتیان و هەرزان فرۆشکردنی خزمەتگوزارییەکان، نابیٚ هیچ چاوەروانیەکیان لیٚ بکرێت لەوە زیاتر کە لەلایەکەوە خۆیان لە دابینکردنی موچەی موچەخۆران بدزنەوە و لەلایەکی تریشەوە هیزی چەکداری قارەمانیان!! بەر بدەنە فەرمانبەرانی برسی کراو جەماوەری بێبەشی کوردستان.

ریگری لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی فەرمانبەرانی کوردستان و دەستبردن بۆ دەستگیری و سەرکوت و ترساندن، نەک رێگایەک بۆ خاوکردنەوەی نارەزایەتییەکان و پاشەکشەپیکردنی نییە، بەڵکو بەنزین کردنە بە ئاگری تورەیی موچەخۆران و خەڵکی کوردستاندا و بەهیز کردنیەتی، ئەگەر فەرمانبەران پیشتر نارەزایەتیان بەرووی بیٚ موچەیی و لە پێناو موچەدا بوو، ئیستا نارەزایەتییەکان بەدژی سەرکوت و دەستگیری و قفڵکردنی ئەو پەراوێزی ئازادیەیە، کە لە بنەرەتدا بەرهەمی خەبات و تیکۆشانی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی و راماڵینی بەعس، ئەزمونێکی لە بیر نەکراوە.

چ موچە و خزمەتگوزارییەکان و چ مافی کۆبونەوە و خۆپیشاندان و نارەزایەتی، مافێکی هەرە سادەی جەماوەری خەڵکی کوردستانەو لە رێگای سەرکوت و زیندانەوە، بە جێگایەک ناگات.

فەرمانبەران و سەرجەم جەماوەری نەداری کوردستان، پێویست دەکات نارەزایەتی و کۆبونەوە و خۆپیشاندانەکانیان، بە جیا لەناو جەرگەی شارەکان، بگوازنەوە بۆ بەردەم بارەگا سەرەکیەکانی حزب و بنەماڵەو هاوکات لە رێگای ریگری کردن لە دزینی نەوت و داخستنی خاڵە سنورییەکان، شادەماری دەسەڵات بگرن... ئەم دەسەڵاتە تا گوشار لەسەر خۆیان و سەرچاوەکانی داهات و سامانیان دروست نەبێت، دەست لە دزی و تاڵانی و بیمافی فەرمانبەران و جەماوەری کوردستان هەڵناگرن.

بۆ ئەوەی بتوانرێت دەسەڵات ناچار بەوە بکرێت بیتە سەر خەت و وەڵام بداتەوە، پیویستە فەرمانبەران هاوئاهەنگ بن، پشتیوانی چینی کرێکار و زۆرتری کۆمەڵگە زامن بکەن، لە رێگای جۆراو جۆرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ستەمەی لەسەریانە ئاگادار بکەنەوە، خۆیان رێکخراو بکەن و هاوئاهەنگی لە نێوان شارو شارۆچکەکان دروست بکەن و دەست بۆ دروستکردنی رێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان ببەن و وەڵامی درۆ و پاساوەکانی دەسەڵات و بەهرەبەرداری ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەی بۆرژوای بدەنەوە.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...



# خوێندنەوەم بۆ ئەم جەنگە دڕندانەیەی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و دەوڵەتی کۆماری سێدارە!

نووسینی: تاهیر حاجی حەسەن

جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل دژ بە دەوڵەتی کۆماری سێدارە، چۆن خوێندنەوەیەکی پێویستە؟ گەر هەرکەسێک لەنێو خودی مێژوودا خوێندنەوەی واقعی و زانستیانەی نەبێت بۆ پێگەی سیستەمی سەرمایەداری و توانای ناسینی یاسا دژ بەیەکەکانی ئەم سیستەمەی نەبێت، لە ڕەوتی مێژوویی خۆید، توانای ناسینی شێوازی بەرهەمهێنانی ئەم سیستەمەو ئەو پایانەی لەسەری وەستاوە نەبێت، ئەوکات ناتوانێت خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ هەر ڕوداو یان ئاڵوگۆڕێک یان جەنگ و قەیرانەکان و چەوساندنەوەی چینایەتی و هەژمونی داگیرکاری و کێبەرکێ و ڕکابەریەکانی نێو دنیای بازاڕو بەکاڵا بونی هێزی کار، تا دەگات بەبونی داهێنانەکان کە کراونەتە موڵکی تایبەت بە کسێک و لەنێویشیدا چینێکی کەمایەتی کە بوەتە خاوەن دەوڵەت و لەوێیشەوە سیستەمێکی ڕێکخستوە لەژێر ناوی گشت کۆمەڵگەداو وایش نیشان دەدات کە ئەو سیستەم و یاساو دادگاو حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگای سەربازی و سەرکوتکارەکان، تەنها لە بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەیە، نەک بۆ بەرژەوەندی چینێکی تایبەت ڕێکخراون. ئەوا ئەو جۆرە خوێنەر یان شرۆڤەکار یان نووسەرو سیاسی و ڕۆشنبیرانە، ناتوانن هیچکات واقعیانە شرۆڤەکانیان بخەنە نێو چەمکی مێژووییەوە. ئەم جەنگەی زیاد لە ساڵە یانی لە 7 ئۆکتۆبەری 2023 دەستی پێکرد، لە ئەنجامی هێرشەکەی حەماس و حزبوڵای وەکیلی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئاخوندەکان بۆسەر ئاهەنگێکی خەڵکی سڤیل لە ئیسرائیل و لێکەوتە تەواو وێرانکاریەکانی لە غەزەو کوشتن و ئاوارەبوونی دەیان هەزاری و دواجاریش کوشتنی کۆی سەرکردایەتی ئەو دوو حزبە ئیسلامیە وەکیلەی ئێران و کۆتایهێنان بەڕژێمە دیکتاتۆرەکەی سوریا، بوونە ئەو دەرئەنجامەی کە پێویستی ئەو نەخشە ڕێیەی دەوڵەتی ئەمریکاو ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتدا بەشوێنیەوەن تا ئەوەی کۆی بەربەست و ڕێگریەکان لەناو ببەن، وا ئێستا چوەتە قۆناغی ڕاستەوخۆی نێو دوو دەوڵەتی تەواو دڕندەو فاشی و ڕاسیستی و کاپیتالیزمی چڕەوە، یانی دەوڵەتی سەرمایەداری ئیسرائیل و دەوڵەتی سەرمایەداری کۆماری سێدارەی ئاخوندەکانی ئێرانەوە، بۆخۆی، دەرهاویشتەی ئەو پێکدادان و قەیرانە قوڵ و گەورانەیە کە کۆی سیستەمی سەرمایەداری و دەوڵەتانی ڕکابەری زلهێزانی جیهان تێیدان. ئەم جەنگە، جەنگی نێوان دوو دەوڵەت نییە بەتەنها، هێندەی ئەوەی جەنگی ناڕاستەوخۆیە لەنێوان بەرەی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو هەردوو بەرەی ئیمپریالیزمی چینی و ڕوسیدایە. ئەم جەنگە، لەواقعدا، جەنگی دوو بەرەی ئاینی یان دوو بەرەی قەومی دژ بەیەک نییە، هێندەی جەنگێکە دژ بەخواستە ڕەواکانی چینە کۆمەڵایەتیە زۆرینەکەیە، کە بەهۆکاری قەیرانە قوڵەکانی نێو سیستەمەکەو چڕ بونەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان و پەرەسەندنی تەواوی هەژمونی کەرتی تایبەتی نیولیبراڵیزمی بازاڕ بۆ قۆرخکاری تەواو وە تەنانەت بۆ لێسەندنەوەی مافی ژیان لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئەو کەرتە ڕوی تێ دەکات، وە لە بەرانبەریشدا، خودی سیستەمەکە خاوەن یان توانای چارەسەری نایەکسانییە کۆمەڵایەتیەکەی نییەو هەردەمیش ترسی تەواوی لە تەقینەوە جەماوەریەکان هەیە. بۆیەشە، پەنا بۆ جەنگ دەبەن و لەو ڕێیشەوە کەڵەکەی سەرمایەو وێرانکردنی زیاترو ترس و تۆقاندن و لەیەک پچڕاندنی زیاتری چینە چەوساوەکە ئامانجیانە، وایشی نیشان دەدەن کە ئەو جەنگە لە پێناو پاراستنی کەرامەتی کۆمەڵگەدایەو لەژێر ناونیشانی ئاینی و قەومیدا جێگیری دەکەن. دەوڵەتی کۆماری سێدارەو دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و کۆی دەوڵەتانی ناوچەکە، لەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆتایهێنان بەشێوازی بەرهەمهێنانی فیودالی لەو ناوچانەدا، بۆ سیستەمی سەرمایەداری، پێکهێنانی دەوڵەتی قەومی و پێکهێنانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و سەپاندنیان بەسەر گەلانی ناوچەکەدا، وەک پێویستیەکی گرنگ بینویانە، بێگومان زلهێزانی سەدەی پێشو، کە دەوڵەتی بەریتانیاو فەرەنساو ئەمریکا، لەدوای دوو جەنگە کاولکاریەکانیان کە دەرئەنجامی کۆی قەیران و ڕکابەری و دابەشکردنەوەی جیهان بوو، بۆخۆیان دروستکەری دەوڵەتانی ناوچەکەیشن. کۆماری سێدارەیش، هەر خودی دەوڵەتی ئەمریکاو فەرانسەو بەریتانیا لەپشتیەوە بوون تا ئەوەی کۆمەڵگەی ئێران لەدوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری شا لەساڵی 1979 دا، نەبنە خاوەن خۆبەڕێوەبەریەکی سۆشیالیستی، ئەو دەوڵەتە کۆنەپەرستە بۆرژوا دینیەیان سەپاند بەسەر گەلانی ئێرانداو زیاد لە چل ساڵە، بەدڕندانەترین شێوازی دەستی ئاگرینی نەپاراستوە لەکوشتارو برەوپێدانی کۆنەپەرستی و سزای لەسێدارە بۆ بەرەی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی نێو کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی. جا خودی زلهێزانی جیهانی سەرمایە، هەروەک چۆن یاساکانی سەرمایە دژبەیەک و کوێرن، ڕابەرانی دنیای سەرمایەش، نە هاوڕێیەتیان هەیە وە نە متمانەو باوەڕ بەیەککردن، هێندەی ئەوەی هەمیشە لەناواخندا دژ بەیەکن. چونکە قازانج و هەژمون باوک و دایکیانە. کۆماری سێدارە لەو ماوەی زیاد لە چل ساڵەدا ، بەپێی ئەوەی سەر بەڕەوتی شیعە مەزهەبن، پێگە چینایەتی و جیاوازییە چینایەتیەکانیان لەناوچەکەدا پێ شاردنەوەو ڕکابەری و ململانێکانیان لەژێر ناوی شیعەو دژ بەسونەدا برەو پێدا. زۆرترین دەستێوەردان لەناوچەکەداو پەیداکردنی جێ نفوزو تەخشان کردنی سامانی کۆمەڵگەو بەهەدەرانی زۆرترین سامان و ئابوری لەپێناو برەودان بەچەک و جبەخانەی سەربازی، بۆ ئەوەی دواتر بشبێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، بوونەتە ئەو هۆکارە گەورەی، وا ئێستا زەنگی مەرگی ڕژێمی کۆماری سێدارە لێدەدرێت لەلایەن ئەمریکاو ئیسرائیلەوە، دواجاریش، ئەو ڕژێمە توانای لەسەر پێ وەستانی نەماوەو تەواو لەنێو قەیرانی قوڵدایە، یان ئەوەیە دەبێت تەواو ملکەچی بڕیارەکانی ئەمریکا ببێت و دوور بکەوێتەوە لە میحوەری چین و ڕوسیاو کۆریای باکور، یان ئەوەتا دەبێت کۆتای پێبهێنرێت. دەوڵەتی ئیسرائیل، یانی کۆی هەژمونی بەرەی ئەمریکایە لەناوچەکەدا، بۆیە بەهەموشێوەیەک دەیپارێزێت. ئەم دوو دەوڵتە دڕو هاربووە، تا دەگات بەدەوڵەتانی ناوچەکەو کۆی ئەوەی هەر لایەک زمان درێژی بکات یان زیاد لەسنورێک بۆی دیاری کراوە، پەل بهاوێت، ئەوا وێرانی دەکەن. ئێستای دەوڵەتی ئاخوندەکان لەو قۆناغەدایەو هیچ دوور نییە، دەوڵەتی ئیمپریالیستی چین و ڕوسیا، لە گوژمەیەکدا، نەیفرۆشن و بای بای لێ نەکەن. مێژووی نێو دنیای چینەچەوسێنەرەکان پڕیەتی لەکڕین و فرۆشتن. ئەم قۆناغەیش دێتە پێشەوە، دابڕاو نییە لەنێو دنیای فرە جەمسەری دەوڵەتانی زلهێزداو هەر لەو نێوەیشدا بڕیاری لەسەر لێ دەدەن کە ملکەچ بێت یان کۆتای پێ بهێنرێت. لەو بڕوایەدام، دەوڵەتی کۆماری سێدارە لەیەک ساتدا ئەیهێڵنەوە، ئەویش گەر ئاسۆی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار گەشتبێتە ئەو ئاستەی کە سەربەخۆ دەست بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستی ببات، گەر ئاوا ئەڵتەرناتیڤێک درک پێ بکەن، ئەوا ئەوکات، کۆی زلهێزانی ڕکابەر دەست دەخەنە ناو دەستی یەکترو ڕژێمە دڕندەکە زیندو دەکەنەوەو کۆی کۆمەکی پێویستیشی پێ دەدەن، بەڵام لەنەبونی ئاوا ئاراستەیەکدا، زۆرتر ڕێگەچارە بۆیان کۆتایهێنانە بەڕژێمی ئاخوندەکان و جێخستنی شێوازی بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەت دەبێت لە ئێرانداو ئەوکاتیش، هاوشێوەی عێراق و سوریاو ناوچەکە، دەرفەت بەناوی ئازادیەوە، بۆ بۆڵەبۆڵ و جنێودان و فرە میدیای و دا

ڕزانی کۆمەڵگە زیاتر دەبێت و نامۆبونیەکان دەیان جار زیاتر دەبێت لەنێو ژیانی چینە کۆمەڵایەتییە زۆرینەکەدا. سیستەمی سەرمایەداری بەپێی پێشوەچونە زۆرەکانی لەکۆی بوارەکاندا، نەک بوەتە مایەی بەختەوەری بۆ ژیانی دانیشتوانی ئەم سەر زەمینە، بەڵکو بەتەواوەتی بوەتە بەڵایەکی تەواو مەینەتی بۆسەر ژیانی زۆرینەکە لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا، بۆیەشە، هیچکات لەنێو ئەم سیستەمە چەوسێنەرو پڕ لەنایەکسانیەدا، ناتوانرێت چاوەڕێی ژیانێکی پڕ لەکەرامەت و یەکسانی و ئازادی فەراهەم بکرێت، ئەویش بەو هۆکارەی کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایە، خۆی لەسەر بنیاتنانی چەوساندنەوەی چینایەتی ڕاوەستاوەو لەم زەمەنی دەست کراوەیەی هەژمونی بازاڕو دنیای نیولیبراڵیزمیشدا کە نزیک بەنیو سەدەیە پەل دەهاوێژێت و ڕێگریەکانی بەردەمی وردوخاش دەکات، هیچ کات چاوەڕێی کۆتایهێنان بەجیاوازیە چینایەتی و قەومی و دینیەکانیش ناکرێت، هێندەی ئەوەی ئەو جیاوازیانە قوڵتر دەکرێنەوەو قۆرخکاری و هەژموندداری کەرتی تایبەت و خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکان خۆیان دەسەپێنن و ڕوتانەوەو تاڵانی سامانی کۆمەڵگەکانیش لە برەودان دەبێت و ئاسۆی بێ ژیانی لەنێو ژیانی زۆرینەکەدا برەوی زیاتری پێ دەدرێت!! ئەم جەنگەی ئێستایش لەو پێناو ئامانجەدایە...

18/06/202

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

# پرسی ڕۆژ

## هۆکارەکانی کیشەی موچە و چۆنیەتی هاتنەمەیدانی خەڵک

## هاوڕێ مەحمودی حەلاق وەڵامی پرسەکەی داوەتەوە

**پرسی ڕۆژ: چارەنووسی مووچەی فەرمانبەران لەنێوان دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەولێر بەکوێ گەیشت؟**

**مووچە و قوت و گوزەرانی خەڵک،**



**بەتایبەت فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم لەساڵی ٢٠١٤ ەوە دانی مووچە کێشەی لێبڕین ودواکەوتن و نەدانی بەخۆوە بینیوە. ڕوونوئاشکرایە کە کێشەکە زیاتر سیاسیە و لەراستیدا کێشەی سیاسی وموکمڕانی دەسەڵاتدارانی نێوان هەردووحکومەتی ناوەند و هەرێمە. بەڵام ساتوسەودا بەگوزەران وکەرامەت وشەفسیەتی فەرمانبەرانەوە دەکەن. هەر ڕۆژە وبیانوو وکێشەیەکی تازەی لێدەبێتەوە.**

**مەحمود حلاق:** ئێمە لەمێژە وتومانە کەمەسەلەی مووچە کایەیەکی سیاسیە لەنێوان بەغدادو هەرێمدا، ئەم کێشەیە بەردەوامەو هەتا حکومەتی کوردی وحزبەکانی هەبن ئەم گرفتە گەورەیەی

خەڵک بەشێوازی جۆراوجۆر دێتەوە پێش..

حزب وحکومەتی بۆرژوازی کوردایەتی قازانجی زەبەلاحی لەم کایە سیاسیە کەڵەکە کردووە، لەلایەک خەڵکی بەبارەمتە گرتووە بەپاساوی پوچی حکومەتی مەرکەز کەبودجەی تەواو نانێرێت هەتا ئێمە بیدەین، و بەم هۆیەوە دەستی خەڵکی شلکردۆتەوە لەدژی خۆی، لەلایەکی تریشەوە هێندە پارەی چەتەیی نەوت وغازو گومرگ هەیە کەبتوانێت نەک تەنها مانگێک، بەڵکو لەتوانایدایە بۆ چەند ساڵێکیش موچەی مووچەخۆران بدات. ئەم سیاسەتەی دەسەڵاتی حزبەکان، سەرەڕای ئەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵکیان بەبارەمتە گرتووە، خەڵکیان لەچاوەڕوانیداو لەناو کایەی سیاسی خۆیاندا لەگەڵ مەرکەزدا ڕاگرتووە. نەک هەرئەوەش، بەڵکو حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەن هاوئاهەنگ لەگەڵ دەستەو تاقم و گروپگەلی پەرلەمانتارەکانی بەغداد لەپێناوی کورسی و دەنگی زیاتر نەک هەر بەشێکن لەم نەهامەتیانەی خەڵک، بەڵکو مووچەخۆران بەماموستاو کارمەندەوە دابەشیانکردوون بەسەر تیرەو تائیفەکانی ئەواندا، و بەم هۆیەوە ڕیزی سەدان هەزاری مووچەخۆران هەتا دێت لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە لەڕێگای گروپگەلی ئیسلامی و ئەندام پەرلەمانەکانی بەغداد

**پرسی ڕۆژ: دەتوانن ڕوماڵیکی کێشە وچارەنووسی مووچەمان بۆبکەن وبۆ خوێنەرانی بۆپێشەوەی ڕوونبکەنەوە دوایین هەواڵەکانی ئەو پرسە چییە؟ پرسی ڕۆژ: بەڕای ئێوە چارەسەر چییە؟**

**مەحمود حەلاق:** ڕوماڵکردنی مەسەلەی مووچە بەبەرچاوانەوە

دیارە کەهەر ساڵەو چەند مانگ جارێک ئەم کێشەیە دەهێنرێتە پێشەوە. ئەوان خۆیان بەلێپرسراوی ژیانی خەڵک نازانن و نایانەوێت خەڵکی کوردستان لەئیستراحەتدا بژین، ئەمە بەجۆرێکە کە ڕق و تووڕەیی خەڵک



لەئاستی تەقینەوەدایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەچەندین ساڵ پێش ئێستا گۆڕان و حزبەکانی هاوڕێی لەئۆپۆزیسیۆن بەرنامەی تەسلیمکردنەوەی خەڵکیان هەبوو بە قوڵبەستراوی پێشکەشی دەسەڵاتیان کردەوە (بەناوی دابینکردنی ٤ ساڵی ئارام، کەنەوشێروان مستەفا پارتی دڵنیاکردەوە)، خەڵکی ئێجگار بێئاسۆو بێدەرەتان کردووەو هەر جارە ناجارێک ئۆپۆزیسیۆنی تر کەتاقیدەکاتەوەو ئەزانێت لەگۆڕان خراپتر نەبن باشتر نین، بەم هۆیەوە ڕیشی خۆیان تەسلیم ناکەن بەلایەنێک تەنانەت ئەگەر ڕاستگۆو لەبەرەی خەڵکدا بێت. بەبڕوای من یەک ڕێگا ماوەو ڕێگای دووەم نییە. ئەویش ئەوەیە کەچۆن خەڵک لەدەوری خواست و مافەکانی خۆی بەڕیزی سەدان هەزاریەوە پەیوەست بێت، و بتوانێت لەم ڕێگایەوە خۆی ڕێکخراو بکات. بەبێ خۆڕێکخراوکردنی خەڵک لەدەوری خۆی و لەژێر چەتری خۆی و لەدەوری مافەکانیدا، ئەستەمە ژیانی لەئێستا باشتر بێت. لیستی خواستەکانی کەهەر بەتەنها مووچە نییە، ئێجگار زۆرەو هەرئەوەش کیفایەتە بۆئەوەی بتوانێت لەدەوری کۆببێتەوەو بەئیرادەیەکی ترەوە بێتە مەیدانی ئالوگۆڕێکی ڕیشەییەوە بۆ ڕامالینی ئەوان لەپێناوی زامنکردنی ژیانی ئێستای و چارەنوسی داهاتووش.


# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پاریزگاری کردن لە خاوەنداریێتی و دەسەڵاتداریێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامرازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەنداریێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئالا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.

بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام باڵادەستی و کۆنترۆڵی فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا لە ڕووی مەودا و قووڵیەوە بێوێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازیە مەزنەکانی دووسەد ساڵی ڕابردووو میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کەلتووری بەزاندووە، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە بەردەستی بۆرژوازی بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرەنسیپ و بیروباوەڕە خورافیەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا. لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی هزرو بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خوڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لە دژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێشومارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لە شێوازە ئەدەبی و هونەریەکان، گۆڕانکاری لە میدیا بیستراو و بینراو و کۆمپیوتەریەکان و لە پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی کەلتووریدا ڕوویداوە، لە پلەی یەکەمدا، بووەتە مایەی بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵک بە بیروباوەڕە بۆرژواییەکان، لە شکڵ و شێوەی کاریگەرتر و ئاڵۆزتر و هەمەڕەنگتردا. سەرهەڵدانی هۆیەکانی پەیوەندی گشتی و ئەنفۆرماتیکی و تۆڕەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و لەم دوو دەیەی دواییدا، کە کۆکردنەوە و گواستنەوەی خێرای زانیارییان لە سەرانسەری جیهاندا زۆر ئاسان کردۆتەوە، بەدەستی بۆرژوازیەوە بوونەتە دامودەزگای زەبەلاحی پەخشکردنی زانیاری شێوێنراو و داسەپاندنی بیروباوەڕ و هەڵخڕاندنی خەڵکی لە ئاستی سەدان ملیۆنیدا. میدیا و پیشەسازیی نمایش، کە خۆیان لە پڕقازانجترین قەڵەمڕەوەکانی جموجۆڵی سەرمایەن، بەشێکی زۆر لە ئەرکە تەقلیدیەکانی دامەزراوەی خێزان و دەزگا دینیەکان و تەنانەت ئۆرگانەکانی سەرکوتیان لە کۆمەڵگە گرتۆتە ئەستۆ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینن لە پاراستنی ئەم هاوسەنگیە ئایدۆلۆژیەی لە کۆمەڵگە هەیە، لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەعنەویات و ئەخلاقییاتی زاڵ بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە پاوانکردنی فیکریی و لە قاڵبدانی مێشکیان، لە بەتاکخستنەوە و تۆقاندنیان و پوچەڵکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونە ڕەخنەگرانەکان لە کۆمەڵگە. ئەم دامەزراوانە و ئەم شێوە مۆدێرنانەی پاوانکردنی فیکریی و کەلتووریی کۆمەڵگە، کۆڵەکەیەکی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگەی بۆرژواییە، بەتایبەت لە هەلومەرجی قەیران و بێئاسۆیی و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی گشتیدا.

خەبات لە دژی بیروباوەڕ و دید و بۆچوون و ئەخلاقییاتی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە، لایەنێکی هەمیشەیی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەرکێکی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بووە.



# سەبارەت بە لەسێدارەدانەکانی ئەم دواییانەی ئێران. . .

نووسینی: توانا محەمەد نوری

حکومەتی ئێران، پاش وەستاندنی شەڕی ١٢ ڕۆژەی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا، شەپۆلێکی نوێی سەرکوت، گرتن و لەسێدارەدانی بە تینێکی زۆرترەوە دەستپێکرد. ئەمجارە جگە لە بیانووەکانی پێشوو، پرسی "سیخوڕی" و پەیوەندی بە "دوژمن"ەوە، بۆ بیانووەکانی پێشووی زیاد کردووە. دیارە لەسێدارەدان ئامرازێکە لە خزمەت ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئێراندا چ لە سەردەمی شا و چ لە سەردەمی ڕژێمی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنراوە.


لە سێدارەدان لە حاڵەتەکانی وەکو (بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان هەروەها کوشتن و هتد)، توندوتیژی دەوڵەتییە کە نەک هەر ڕەگی تاوان نابڕێت، بەڵکو دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بازنەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا، وەک هەموو لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسیەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەریانخستووە. تاوان، بەکارهێنان و دابەشکردنی مادده هۆشبەرەکان، ژنکوژی، دەستدرێژی سێکسی، کوشتن بە بیانووی شەرەف و هتد ڕەگ و هۆکاری جۆراوجۆری ئابووریی کۆمەڵایەتییان هەیە کە تەنها بە مامەڵەکردن لەگەڵیان و دوورخستنەوەی تاوانباران لە کایەی کۆمەڵایەتیدا دەتوانرێت لە کۆمەڵگادا کەمبکرێتەوە.

هەروەها پرسی "سیخوڕی" و پەیوەندی لەگەڵ حکومەتە دوژمنکارەکان کە لە شەڕی ئەم دواییەدا بووە هۆی زیادبوونی سەرکوت و گرتن و لەسێدارەدانی "تاوانباران"، بەدەر نییە لەو یاسایەی سەرەوە. هەروەها سیخوڕیش ڕەگ و ڕیشەی جۆراوجۆری ئایدیۆلۆژی -سیاسی، ئایینی و ئابووری هەیە کە دەتوانرێت بە لێکۆڵینەوە لە هەر حاڵەتێکی دیاریکراو ڕوون بکرێتەوە، کە ئەمەش مەرجێکە بۆ هەر دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە. لە هەر حاڵەتێکدا سزای لەسێدارەدان لەم حاڵەتانەدا لە ڕوانگەی پرەنسیپی دژایەتیکردنی سزای لەسێدارەدانیشەوە قبوڵ ناکرێت.

پرسێکی دیکەی گرنگ کە لە ڕێکارەکانی دادگاییکردن و پرۆسەی گرتن و لێپرسینەوە لە تۆمەتباران، چ سیاسی یان قەزایی یان سیخوڕی، لە ئێراندا هەیە، یەکەم، بوونی یاسا و ڕێساکانی سەدەی ناوەڕاستی شەرعییە کە بڕیارەکانی دادگاکانی ئێران بەڕێوەدەبەن و دووهەم، پراکتیزەکردنی تاوانکاری ئەشکەنجە و دەرهێنانی دانپێدانان لەسەر بنەمای ئەو، کە نزیکەی هەموو دۆسیەیەکی دادوەری لە ڕەوایەتی یاسایی و داب و نەریتی بێبەش دەکات و گرنگی.

دوا خاڵ کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو قۆناغێکی شکست یان زەلیلی خۆیدا لە پێشخستنی سیاسەتی دەرەکی یان ناوخۆییدا پەنای بۆ بڵاوکردنەوەی شەپۆلێکی سەرکوت لە دژی چالاکوانانی سیاسی و بزووتنەوەی جەماوەری بردووە. بزووتنەوەیەک کە پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕە بەردەوام لە گەشەکردندا بوو. لەم ڕۆژانەدا پرسی "سیخوڕی" بووەتە بیانوویەک بۆ ئەوەی ڕژێم پەنا بۆ سەرکوتکردنی ئاشکراتر ببات. جیاوازییەکە لەوەدایە کە خەڵکی ئێران، چالاکوانان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ژنان و ڕۆشنبیرانی سیاسی دەرفەتی زیاتریان بۆ دەرخستنی ئەو سیاسەتانەی ڕژێمی ئێران هەیە و بە ناڕەزایەتی دەربڕینیان لە سەرانسەری جیهاندا، هەوڵی پێشگرتن لە کارەسات دەدەن.

٢٧/٦/٢٠٢٥



# لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا کێ بەرپرسیارە له برسێتی خەڵک...

## پارتی و یەکێتی!

## فاشیلترین حزب لەکوردستاندا...

نووسینی: ڕێبوار یاسین فەتاح...

**" پارتی و یەکێتی "**

خراپترین دۆخی ژیانی مرۆڤ ئەوەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی ستەمکارێک ژیان بەسەر بەرێت، کە ئەو ستەمکارە تەنها خۆی لەلا قبوڵ بێت و نەیەوێت هیچ کەسێک دژی بێت، لەم نێوەندەدا ئۆپۆزسیۆن ون دەبێت، ڕای جیاواز نامێنێت، تەنها ڕای خۆی لەسەروو هەموانەوەیە، کۆیلەی کورسی و دەسەڵات و پارە و پاسەوان و سوڵتان و گەورە هەرخۆیەتی و هەموو کارێکی قێزەون دەکات لە پێناو پاراستنی عەرشەکەی.

لە هەر وڵاتێک حیزب لە حکومەت دەوڵەمەندتر بوو، گومانت نەبێ پارەی حکومەتە حیزب دزیویەتی، هەموو داهاتی ئەم وڵاتەیان کرد بە شوقە و ڤێلا و بردیان بە ئاسمانە بۆ ئەو برا عەرەبانە!!ی بە قەولی خۆیان مووچەکەیان بڕیوین، ئێستا عەرەبەکان!! لە شوقە و ڤێلاکانی دوو خێڵی نەزان شاهانە دەژین و میللەتیش دوو مانگە دینارێکی وەرنەگرتووە.

ئێستا حیزب هەر ڕۆژەی دەزگایەکی میدیایی دەکاتەوە و هیچ بێژەرێکی مووچەی مانگانەی لە 5000 پێنج هەزار دۆلار کەمتر نییە، لەولاوە ژمارەیەک بەرپرسی دز و ڕۆژنامەنوسی خۆفرۆشی حەرامخۆر دێن پاساو بۆ دزییەکانی دوو خێڵی مافیا دەهێننەوە و زوو زوو دەڵێن خەتای بەغدادە، کاکی حەرامخۆری شەریکە دز، گریمان بەغداد دوژمنە، ئەم دوو خێڵە نەزانە چی لە داهاتی ناوخۆ و نەوتی دزراو دەکەن.

ئەی نەیان وت تەسلیم بە بەغداد نابین، ئەی پەنجەیان ڕانەوشاند وتیان قبوڵی ناکەین، دەی کورد وتەنی ئەگەر بایی سەرەدەرزیەک هەستی بەرپرسیاریەتیان هەیە، لەسەر بەڵێنی خۆتانن و خاوەنی قسەی خۆتان بن، لە داهاتی ناوخۆ و نەوتی دزراو مووچەی ئەو خەڵکە بدەن، تاکەی ئێمە باجی گەوجی و نەزانی ئێوە بدەین.

تاکەی لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆتان و منداڵەکانتان یاری بە چارەنووسی خەڵکی کوردستان ئەکەن؟

دەسەڵاتی خۆسەپێن و زوڵم و ستەم ناچێتە سەر، دونیا دەورانە ڕۆژێک پێگە و کورسیتان ئەکەوێتە لەنگی، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ گوزەران و ژیانی خەڵک ئەکەوێتە مەترسییەوە، هەروەها مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە برسیکردنی خەڵک ئەنجامی باشی نابێت..

«زگی تێر ئاگای لە زگی برسی نییە»

بێ هەڵوێست نابم و هەڵوێستم دەبێت و وەک هەمیشە لە بەرەی گەل ئەبم لە بارودۆخە خراپەکان، دەسەڵات لە هەرێمدا لە بێباکیدا مووچە نادات، نە ئۆپۆزسیۆنێک هەیە حسابی بۆ بکات و سڵی لێ بکاتەوە، نە ترسی لە تووڕەیی خەڵک و تەقینەوەی جەماوەری هەیە، لە غیابی ئەو دوانەشدا بڕوا بکەن لە ساڵێکدا شەش مووچەش بە زۆر دەزانن بۆ ئەم خەڵکە نەک کەم!

دیقەت بدەن؛ گریمان مووچە هیچ دەسەڵاتی ئەوانی تێدا نییە، گریمان سەدا سەد خەتای بەغدایە، بەڵام خۆ دەتوانن بەو بێ مووچەییە ئیهانەی هەست و شعوری کۆمەڵگە نەکەن و وەک ئەوەی (راتب) نییە، (ڕاغب) نەهێنن!




هەروەها بە سوپاس بەخشینەوە، سکی برسی کەس تێر نابێت و سفرەی بێنازی خەڵکی ستەم دیدە ڕەونەق پەیا ناکات.

ئەو لۆتی و پۆتی و ئەکتەر و مەکتەرانە!! دەهێنن بە پارەی داهاتی ئەو خەڵکە دەکەن بەگەرویاندا، تا ئەو پرۆژانەیان ئاوەدان بێت و ببێتە جێگەی کەیف و سەفا خەڵکی بیانی و ناوەراست و خواروی عێراق و تورک و لوبنانی و کێ و کێ!؟ بەڵام خەڵکی کوردستان، بێبەش لە سەرەتاییترین پێدوایستیەکانی ژیان و سادەترین ماف کە موچەکەیانە حەپەلوش بکەن... بەڵام کوردایەتییە ئیدی!

بەڕاست؛ ئەوانەی گوتیان »پێش جەژنی قوربان مووچە نەدرێ هەڵوێستی جدیمان دەبێت «لە کوێن؟! جدییەکە بۆ خۆیان قەیناکات، بەڵام هەڵوێستەکە کوا!

ئاااییی حوکمڕانی فشەدرۆ!

خراپترین کابینە، کابینەکەی مەسرور بارزانیە و پافل تالەبانی، موچەی پێنادرێت و هەرەشەدەکات...

مووچەکەت دەدزم، نەوتەکەت دەدزم، غازەکەت دەدزم، کارەبا و هەرچیم دەستکەوێ دەیدزم، ئێستا و داهاتووت دەدزم هەر قسەش بکەی بە دەردی سەردەشت عوسمان و ویداد حسێن و کاوە گە رمیانی و سۆران مام حە مە وشێروان شێروانیت دەبەم...

# ئێمە بەرەی سێیەمین!

## نوسەر: سۆران لوتفی

ئیسرائیل بە کەڵک وەرگرتن لە بێدەنگی و هاوبەشی ئاشکرا و شاراوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە شێوەیەکی سیستماتیکی لەسەر کۆمەڵکوژی خەڵکی غەززە بەردەوامە. تەنیا لە ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، بە پێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی فەلەستین، لانیکەم ٨١ کەس لە هێرشە ئاسمانی و زەمینیەکانی ئیسرائیلدا گیانیان لەدەستداوە؛ زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. ئەم دڕندەکارییانە چیتر تەنیا "قەیرانی مرۆیی" نین، بەڵکو دەبێت لە چوارچێوەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیدا شیکارییان بۆ بکرێت: نەهێشتنی سیستماتیکی خەڵکی مەدەنی بۆ مەبەستی سیاسی، سەپاندنی سزای بەکۆمەڵ، لەناوبردنی ژێرخانی کۆمەڵگە و بێبەشکردنی بە ئەنقەست لە دەستڕاگەیشتن بە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان.

هەروەها ئەوانەی لە ڕابردوودا نەیانتوانی تاوانەکانی ئیسرائیل لە غەززە ئیدانە بکەن، بێدەنگ بوون یان لەگەڵ تاوانەکانی ئیسرائیلدان لە هێرشەکەی بۆ سەر ئێران. ئەم ڕەفتارانە ڕەنگدانەوەی ئەو دووانەیە کە لە سیاسەتی جیهانیدا هەیە؛ لەو شوێنانەی کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری هەندێک وڵات زاڵ بێت بەسەر پرەنسیپە مرۆییەکان و مافەکانی مرۆڤدا. بەڵام چەندە ئەم تاوانانە مەحکومن، بێدەنگی ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش بەشێکە لە هەمان پێکهاتەی تاوانکاری. هەر ئەو دامەزراوانەی کە بە توندترین شێوە تاوانەکانی دەوڵەتانی دژبەری ڕۆژئاوا ئیدانە دەکەن یان پەنا بۆ پاساوهێنانەوە دەبەن یان بە سادەیی بێدەنگ دەبن کاتێک ڕووبەڕووی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی دەبنەوە. ئەم بێدەنگییە بەڕێکەوت نییە یان بەهۆی نەزانییەوە؛ دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی دەسەڵاتدار لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، کە بنەما گوماناوییەکانی وەک مافی مرۆڤ، دادپەروەری و خێرخوازی تەنیا تا ئەو ڕادەیە ڕەوان کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی و ئابوورییەکانی زلهێزە هەژموونەکان دروست نەکەن. وە جێگەی داخە کە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ هەڵوێستەکانیان لەگەڵ ئەو بەرژەوەندیانەدا دەگونجێنن. بە واتایەکی تر داکۆکیکاران و چالاکوانانی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان هەڵوێست وەردەگرن. بۆیە ناتوانین متمانەمان بە نەزمێکی جیهانی وا هەبێت کە جیاوازی لە نێوان قوربانییەکان بکات. وە هەر لەم چوارچێوەیەدایە کە ڕەخنە لە دووبەرەکی و هاوپەیمانی ساختە دەبێتە پێویستییەکی مێژوویی. ئەمڕۆ زۆرێک هەوڵ دەدەن دووبەرەکییەکی درۆینە لە نێوان "بەرەی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل" لە لایەک و "بەرەی میحوەری بەرخۆدان" لە لایەکی دیکەوە دروست بکەن؛ وەک ئەوەی جیهان لە دوو هەڵبژاردەی ئەگەریدا سنووردار بێت: یان لەگەڵ زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، یان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتە سەرکوتگەرە هاوپەیمانەکانی. ئەم دووبەرەکییە فریودەر و وێرانکەرە. چونکە هەردوو جەمسەرەکە دوو دەرکەوتەی جیاوازن لە پێکهاتەکانی سەرکوت و توندوتیژی دەوڵەتی و هەژموون. ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگەی میلیتاریزم و داگیرکاری و ئاپارتاید و نیوکۆلۆنیالیزمەوە مافی گەلان پێشێل دەکەن. لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی ئێران کە بانگەشەی پشتیوانی لە خۆڕاگری و دادپەروەری دەکات، لە ڕێگەی توندوتیژی ڕووت، سەرکوتی ناڕازییان، لە سێدارەدانی نەیاران، هەژاریی پێکهاتەیی و حوکمڕانی ئامێرە ئەمنییەکان، ژیانی ملیۆنان ئێرانی لەناو سنوورەکانیدا لەناوبردووە. کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا خۆی ڕژێمێکی تاوانکارە؛ تاوانێک کە هەم لە ناوخۆدا لە ڕێگەی سەرکوت و گەندەڵی دامەزراوەیی و هەم لە ڕووی ناوچەییەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرسی فەلەستین و چەسپاندنی بلۆکە تاکڕەوەکانەوە بەردەوامە. ئێمە لە هیچ هەلومەرجێکدا تەنانەت لە دژایەتی زایۆنیزمیشدا لە پاڵ ئەم ڕژێمەدا ناوەستین. چونکە شەڕی داگیرکەری بە هیچ شێوەیەک ڕزگاریکەر نابێت ئەگەر بە تێچووی ڕەوایەتیدان بە دیکتاتۆرییەت و ئینکاری ئازادی لەناو وڵاتان کۆتایی پێبێت. بەرەی ئێمە بەرەیەکی سەربەخۆیە لە هەردوو جەمسەری هەژموون. ئێمە بەرەی سێیەمین: چینی کرێکار، بێبەشان، ژنان، گەنجان، و هەموو ئەوانەی بەدەست ستەم و جیاکارییەوە دەناڵێنن بە هەموو شێوەکانییەوە، جا لە لایەن دەوڵەتە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکانەوە بێت یان دەوڵەتە پاوانخواز و کۆنەپەرستەکان. ئێمە لەسەر بنەما گشتگیرەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادی تاک، هاودەنگی مرۆڤ و کەرامەتی سروشتی مرۆڤ وەستاوین. هاوپشتیمان لەگەڵ گەلی فەلەستین بێ مەرجە؛ بەڵام ئەم هاودەنگییە کاتێک ڕاستەقینەیە کە خەباتی ئازادی لە ئێران، سوریا، یەمەن و ناوچەکانی دیکەی جیهان لەگەڵیدا بێت. بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤ ناتوانێت هەڵبژێردراو و ئایدیۆلۆژی بێت؛ دەبێت گشتگیر و ڕادیکاڵ و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت. ئێمە خەبات دەکەین بۆ جیهانێکی ئازاد و دادپەروەر و مرۆڤانە؛ جیهانێک کە هیچ دەسەڵاتێک نەتوانێت بەناوی ئاسایش و ئایین و نەزمی جیهانییەوە مافی ژیان لە مرۆڤەکان بێبەش بکات.

### تونا حەمە نوری: لە فارسییەوە کردویەتە کوردی

# دەست بەکڵاوەکەی خۆتەوە بگرە با نەیبات!



## نووسینی: کۆسرەت دڵشاد

بە بۆچوونی من، ئەو پەندە کوردییەی ئەڵێ (دەست بەکڵاوەکەی خۆتەوەبگرە با نەیبات)! لە خراپترینی پەندە کوردییەکانە، چونکە ئاو دەکاتە ئاشی دەسەڵاتداران و ستەمکاران، هانت ئەدات بێدەنگ و ترسنۆک و دوورە پەرێز بیت و خەمی خەڵک بەهی خۆت نەزانی! واتە کەسێکی بەرژەوەندخوازی ناشیرینت لێ دەربچێ!

پەندێکە تاکەکانی کۆمەڵگە تەسلیم بە هێزی ستەمکار و ناداد ئەکات .

بڕۆن مێژوو یان ئەزموونی تەواوی گەلانی پێشکەوتوو بخوێننەوە و بزانن ئایا هەوێنی ئەو بەرەوپێشچوون و گەیشتن بە ژیانێکی لانی کەم بێ کێشە سەرەکیانەی وەک ئاو و کارەبا لە چییەوە ڕەگی داکوتاوە؟ برسیەتی گەورەترین ڕەگ و هۆکاربووە، ئەوان هەرکات برسی بووبن، یاخیبوون لەدەسەڵات. بەرامبەر بەزوڵم و ستەم بێدەنگ نەبوون و دەستیان بەکڵاوەکەی خۆیانەوە نەگرتوە. ئاخر چۆن کەسی برسی بێدەنگ ئەبێت؟!

بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەوە ٣٤ ساڵە لەلایەن دوو بنەماڵەی چەتە و تاڵانکەرەوە بەبەردەوامی برسی دەکرێین و دەچەوسێنرێینەوە جا برسیەتی تەنیا مەبەستم برسیەتی گەدە نییە، ئەوە ئەسڵەن زۆر لاوەکیە، ئەوە ڕەمەکی خواردنە کە دەبێ بە لێزانانە جڵەوی بکەی تا جڵەوت نەکات و بتکات بە کۆیلەی نەفس.

برسیەتی ئەوەش دەگرێتەوە کە تا دەچی بۆ سلێمانی یان هەولێر سەدان جار لەگەڵ مەرگدا تەوقە دەکەی و ماچ ماچێن دەکەی. جگە لە قۆرخکردنی ئازادی، جادە و ڕێگا و بانێکی باش و مۆدێرنیشت پێ ڕەوا نابینن. برسیەتی نەبوونی مووچە، کارەبا، ئاو و هێڵێکی باشی ئینتەرنێت و خوێندن و پەروەردەو تەندروستی و بیمەکان و زۆر شتی تر دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە لە پای ئەو هەموو برسیکردنە جیاواز و بەپێچەوانەی گەلانی پێشکەتوو تا ڕادەیەک یاخیبونمان ڕەتکردۆتەوە و بێدەنگیمان هەڵبژاردووە!

تەنها چینێکی کەم لە مامۆستایان و ڕۆژنامەنووسان و چالاکوان و خەڵک یاخیبوون لەدەسەلاتی پارتی و یەکێتی ماباقی زۆرینەی خەلکەکەی تر کاتێ پرسیاری لێدەکەی بۆ هیچ کاردانەوەیەکت نییە بەرامبەر ئەو ستەمکارانە لەوەلامدا یا بێدەنگی هەڵدەبژێرن یا بە ئاشکرا دەڵێن (برا واز بێنە زمان بەڵای سەرە و دەست بەکڵاوەکەی خۆتەوە بگرە با نەیبات)! بەڵام بەداخەوە خەڵکەکە بێئاگان لەوەی کە ڕەشەبای ستەمکاری دوو بنەماڵەی حوکمڕان نەک هەر کڵاویان، بەڵکو سەروماڵ و کەرامەتیشیانی بردووە! کە باسی موچە و مافی خۆشمان دەکەین، کەرامەتمان بۆ پیشنیار دەکەن!!

پێچەوانەی یاخیبوون، کۆیلەیەبوونە. تۆ کە هەزاران هۆکارت هەیە ببی بە کەسێکی یاخی لەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، بەڵام فزەت لێوە نەیە ئەوە بەرەو بێدەنگگردن و کۆیلەبوون هەنگاو دەنێیت و دەچیە ژێرباری ئەوەی دەسەڵات چی دەیەوێت پێتی بکات. جا کێشە سەرەکیەکە لێرەدا ئەوەیە تاڕادەیەک، بەزۆرینە خەڵکەکە گیانی ڕووبەڕووبونەوە و دەنگ بەرزکردنەوەی ڕەتکردۆتەوە و بوونەتە کۆیلەی دەسەڵات.


لێرەدا نەهامەتیەکە ڕووبەڕووی کەمینە یاخیەکە ئەبێتەوە، ئیدی بۆ تەنیا ساتێکیش ژیانی یاخیەکان لە خۆشیدا نابێت هەم لە فکریان هەمیش لە ژیانی ئاساییان سەلامەت نین. یان لەبەردەم کۆلێژەکەیان دەڕفێندرێن یان لەباوەشی دایکیاندا خەڵتانی خوێن دەکرێن، یا ئەوەتا دەستگیردەکرێن و کوردستانیان لێدەکەن بە زیندان یان ناچار بە جێهێشتنی وڵات ئەکرێن.

*******

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



## گۆرانی ومۆزیکای کوردی و بەهای ژن...

### نووسینی: نەجم محەمەد

ئەگەر بە وردی سەرنجی گۆرانی ومۆزیکای کوردی بدەیت وخوێندنەوەیەکی ورد بۆ تێکست وناوەڕۆکی گۆرانیەکان بکەیت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەزۆرێک لەوگۆرانیانە پڕیەتی لە سوکایەتیکردن بەبەهای ژن، بە بەهای مرۆڤ، بەبەهای خۆشەویستی وهتد. زۆرێک لەوگۆرانیانە هاڵاوی فەرهەنگی پیاوسالاری لێ هەڵدەستێت و وەک مرۆڤ ناڕوانێتە ژن، بەڵکو وەک کاڵاو لەش و سێکس وئامێر دەڕوانێتە ژن، بەداخەوە هەمان ژەهری فەرهەنگی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگە گوازراوەتەوە بۆنێو هونەری گۆرانی ومۆزیکای کوردی وڕەواجی پێ دەدرێ و بەگۆرانی وئاوازو مۆزیکاوە دەرخواردی خەڵکی دەدرێ وناوی لێنراوە هونەر .

لەهەندێک لەوگۆرانیانەدا ژن بە پلە دوو بەدەستی دوو وێنا دەکرێ و دونیایەک سوکایەتی بەبێوەژن!! دەکرێت وباسی فرەژنی دەکرێ و بەڕەوای دەزانێت ئەمە لەکاتێکدایە کەوەزیفەی هونەرو هونەرمەند، گەڕانەوەی بەهاو شکۆیە بۆ مرۆڤ، بۆ ژن، لەڕێگەی هونەرەوە، نەک گواستنەوە وبەرهەمهێنانەوەی فەرهەنگی دزێوی پیاوسالاری سەرلەنوێ لە هونەردا .

بەداخەوە هەندێک هونەرمەند بیرکردنەوەیان لەئێستادا هێشتا بیرکردنەوەی سەردەمی فیوداڵی تێنەپەڕاندووە.

دیارە زۆربەی هەرەزۆری گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان وگۆرانییە دانراوەکان لەلایەن پیاوە دانراون وبەهەستێکی پیاوانەوە، نەک هەستێکی مرۆییانە و بەدانسفە دەبینیت، یان دەبیستیت، گۆرانیەکی فۆلکلۆری یان دانراو ژن دایناببێت و ژن بەهەستێکی مرۆییانەی ژنانەوە گوتبێتی، ئەوی تری هەر هەمووی پیاو دایناون وهاڵاو وهەستی پیاوسالاری تیادا زاڵە.

بەداخەوە وەک هەرکایەیەک لەکایەکانی تر لەهونەری گۆرانی ومۆزیکاشدا فەرهەنگی پیاوسالاری حاکمە. بەداخەوە زۆرێک لەژنانی گۆرانیبێژ دێن، ئەوانیش بەهەمان هەستی پیاوسالاری گۆرانی دەڵێن وەک پیاو بەبەژن وباڵای ژندا هەڵدەدەن وهەندێ جاریش سوکایەتی بەبەهای ژن دەکەن. بەداخەوە هەندێ لەفیمینست و چالاکوانانی ژنانیش لەشای وئاهەنگ وموناسەباتەکاندا بەدەم ئەم گۆرانیانەوە هەڵدەپەڕن وزۆرجار سەرچۆپیەکەشی لێ دەگرن .

من پێم وایە لەئێستادا دەبێت گۆرانیبێژان ومیوزیکیەکان گۆرانی ومیوزکی کوردی پاککەنەوە لەفەرهەنگی پیسی پیاوسالاری و لەبری ئەو فەرهەنگێکی جوانی مرۆیی دابنێن کەوەک مرۆڤ بڕوانێتە ژن، چونکە نەشازبوون هەرلە دەنگ ومۆزیکا وڕیتمدا نییە، بەڵکو لەتێکست و ناوەڕۆکیشدا نەشازی هەیە، بۆنموونە ئەمە چەند نموونەیەکە لەو دەیان و چەندان نموونەی تێکستی نەشازی پیاوسالاری لەگۆرانی کوردیدا:–

**بێوەژنە دەستی دووە**

**هەفتەیەکە شووی کردووە**

بڕوانن ئەم تێکستە نەشازە، چۆن وەک سەیارەو کەلوپەل و کاڵا وێنای ژن دەکات .

**ئەشێ بۆم بێنن، چواردە دانە ژن**

**حەوتیان گەورەکچ، حەوتیان بێوەژن**

بڕوانن ئەم تێکستە نەشازە چۆن ڕەوایی دەدات بەفرەژنی و ژن وەک کەنیزەک وکۆیلەو لەش و سێکس وێنای ژن دەکات، ژن پۆلێن دەکات بۆ کچ و ژن وبێوەژن.

**بەوخاڵانەی دەوری لیمۆت**

**دایکت ماچکەم یانە بۆخۆت**

بڕوانن ئەم تێکستە نەشازە چۆن سوکایەتی دەکات بەخۆشەویستی و ژن بێ بەهادەکات.

**شووت نەکرد بەمن گوتت نەبوونە**

**شووت کرد بەکابرا دەڵێی مەیموونە**

بڕوانن ئەم تێکستە نەشازە چۆن سوکایەتی بەمرۆڤ و ئاژەڵ دەکات وچۆن ئازادی ژن بێ بەها دەکات .

ئەمانەو چەندان نموونەی تری تێکستی نەشازو ژەهراوی فەرهەنگی پیاوسالاری هەن بەداخەوە زۆرێک لە گۆرانیبێژان لەگۆرانیەکانیاندا بەکاری دەهێنن وناویشی لێ دەنێن هونەر. بەلای منەوە ئەمە ژەهرە نەک هونەر.



## ئاشبەتاڵەکەی سەقز *:

### نووسینی: کاوان قادر

ئاپۆڕەی نائومێدی چوار ڕای شەقامی ئازادی تەنیبوو، چارەنوس دێوەزمەیەکی ترسناک بوو لەسەر دڵی هەریەک لە چەکدارە دۆڕاوەکانی شەڕ، هیلاک وماندوو کۆڵەوار و دەست وپێ سپی، لە شەڕ زیاتر هیچی تریان فێر نەکردبووین، زۆربەمان بەلاوی هاتبونە دەرەوەو ئێستاش ڕیش وسمێڵ سپی. هەموو پیاو بووین، بەڵام برسی کراو لەبۆنی خۆشەویستی و عەشق لە باوەشی نەرمی خێزان، دەستە دەستە لە لێواری شەقامەکاندا بێ هیوایی کۆیکردبوونەوەو ئایندەش نادیار بوو، یادگارییە تاڵەکان خاڵی کردبووینەوە لە هەموو بزەیەک، دوێنێ و ئەمڕۆو داهاتوو یەک چێژیان هەبوو ئەویش بێ ئومێدی بوو...

" ئێستا چی بکەین"؟ یەکێک پێشمەرگەکان کە شانی دابوو بە خەڵفەدارێکی سەرشەقامی بەردەم میوانخانەکەوەو پرسیاری کرد!

لەژێر نرکەی نیگەرانییەکەوە هاوڕێکەی وەڵامی دایەوەو وتی من هەر لەڕووم نایەت بگەڕێمەوە ئەو شارە، ئەو هەموو قوربانی ومالّوێرانییەی کەس وکارمان بۆ ئەم ئاشبەتاڵە بوو ؟

عومەر کوزەڵەیی کە لەوبەری شەقامەکەوە بە قەفەزێکەوە بەرە ئێمە دەهات، بە تەواوی ئەو نیگەرانی و پیش خواردنەوەیەی ئێمەی ڕەواندەوە، سەرنجی هەموومانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا **

وتم باشە وا ئێمە هەموو قوڕمان بۆ گیراوەتەوە ئەی ئەم کەنارییانە چی یە بەخۆتەوە توشت کردوون؟

بە تەوسێکەوە بێ منەتییەکەوە وەڵامی دامەوەو وتی "جا برام من چیم بۆ ماوەتەوە هەموو کەس وکارم لە نوگرەسەلمانا ئەنفالکران و کران بە بەژێر خاکەوە، ماڵەکەمان بەشۆفڵ ڕوخا.

بۆ ساتێک برادەران ماتەمینی دایگرتن، هەرچەند هەموومان ئەو چیرۆکەمان دەزانی، بەڵام کاتێ بەهیوایەکەوە ئەژیت هێشتا تامی سەرکەوتن بەری نەداوی هەست بەو ئازارە ناکەیت، بەڵام دوای فەشەل لە هەموو شتێک پەشیمان ئەبیتەوە.

خۆم بۆ نەگیراو ویستم بابەتەکە بگۆڕم وتم ئەی ئێستا بەرەو کوێ ئەچی؟

بەدەنگێکی پڕ لە زوخاوەوە وتی بۆ ئێوە دوێنێ ئێوارە گوێتان لێ نەبوو ئەو قەل خۆرە چی وت ؟ گوێت لێ نەبوو وتی من لە ٢٥٠ پێشمەرگە زیاترم بۆ بەخێو ناکرێ، گوێت لێ نەبوو وتی ئێتر لێرە بەدوا هەرکەس با ئازاد بێت چی ئەکات وبۆ کوێ ئەچێت؟ ئەچمەوە بۆ سلێمانی هەرچی ئەبێ با ببێت خۆ لە باوک ودایکم زیاتر نیم کە سەریان تیاچوو، ئەگەریش تیاچووم ئەوە باجی بێ ئەقڵی خۆمم داوە، بە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە وتی "ئەم کەنارییانەش ئەبەمەوە بۆماڵی خاڵ و مامەکانم و پێیان ئەڵێم ئەمە دەستکەوتی ئەو هەموو ساڵەی پێشمەرگایەتییەکەمە، بەڕاستی بێ ئومێد بووم ئیتر هیچ بەلامەوە گرینگ نییە چیم بەسەر دێت، من لە ژیانا تەنها فیشەکێ قەرزار بووم خۆشم نازانم بۆ ماوم، ئەچمەوە ئەودیو هەرچەند ئیتر دایک وباوکێک نەماوە تا سەرکەمە باوەشیان، بەڵام تەنها ئەوە ئەزانم من ئیتر هیلاک بووم " ...

---

*** – لەدرێژەی شاڵاوی ئەنفالدا کاتێ پێشمەرگەکانی یەکێتی ڕویان لە ئێران کرد لە شاری سەقز گیرسانەوە هەرلەوێ جەلال تاڵەبانی لە میوانخانەکەی چوارڕیانەکەی سەقزدا ئیعلانی ئاشبەتاڵی خۆی کرد بەهەموو پێشمەرگەکانی وتبوو ئیتر لێرە بەدوا ئەوان ئازادن چی ئەکەن وبۆکوێ ئەچن ئەو تەنها دەتوانێت تەنها ٢٥٠ پێشمەرگە بەخێو بکات لەوێوە ئیتر دەستی لێ بەردابوون.**

**** عومەر کوزەڵەیی یەکێک بوو لەو پێشمەرگە سەرەتاییانەی کە تا ئەوکات هیچ پلەو پۆستێکی نەبوو، یەکەمین ماڵ کە بە شۆفڵ تەختی زەوی کرا ماڵی ئەوان بوو، لەسەرجادەی ابراهیم پاشا لە شاری سولەیمانی، دیارە هەر ئەو کات هەموو کەس وکارەکەی بێ سەروشوێن کران. بەداخەوە دوای گەڕانەوەی هیچ لە هەواڵی ئاگادار نیم ئەگەر لە ژیاندا مابێت یان نا!**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕیبوار حەمە شەریف

# ئەو ڕۆژەی ژنێك دەكوژرێ

نووسینی: سەلام سەعید




ئەوڕۆژەی ژنێ ئەکوژرێ
شتێ بلّێ
شتێ بلّێ
ئەو ڕۆژەی کۆترە باریکەیەک ئەکوژرێ
ژنێکیش ئەبێتە قوربانی
بەبا بلّێن شتێ بلّێ
بە شۆستەو شەقامی شار
بەکۆلانی تەسکی دڵ ڕەق بەخۆرەتاو
بە منارەو میحرابی پڕ بە بەردە نوێژی سەرکانی
بەهەنگاوی شپرزەی ڕێ
بەگۆی مەمکی دەم منداڵێکی شیر مەردە
بەخوانی چۆڵ بە باڵای شریعەت و دین
بە چەمی خوڕ من مرۆڤم...
گەرچی ژنم کەی دیوتانە باخچە بێ گوڵ
گوڵ بێ درک
ژن ئەستۆنگەی ژیانە گەر ژن نەبێ
... ژیان چیە چی سەوز ئەبێ
ژن هەمیشە ئاوێنەیە ئێوە
لەبەردەم باڵایدا بستە باڵان .
... کێ ڕێ لەئاواز ئەگرێ
کە شنە دارستانی ڕاژەن
کێ ڕێ لە فلوتی قامیشەلان ئەگرێ
باڵای بەرزی سورە چنار
کێ ڕێ لەڕێی سورەماسی و
شەپۆلی سەرەو ژور ئەگرێ
کێ ئەتوانێ دار هەنارێ
دڵی باخچە زویر بکا
بەخوا بلّێن شتێ بلّێ
گەر ژن نەبێ ژیان چیە
من ئەزانم هەندێ زام هەیە نانوسرێ
من ئەزانم لەلای نەزان داهێنان بۆ مردن هەیە
لە پێش بڕکێی مەرگ شارەزان
ئەو دەستە واژەیە چیە سەرپۆشی عار دای ئەپۆشێ
پڕ پڕن لە چاوی سور
ڕقی برین
بلّێی ئەوڕۆژەی ژنێ ئەکوژرێ
ئاسمان بدوێ
پەیام بەرێ بێتە قسە بلّێ بلّێ
.. خودا پێی باش بێ ژن بکوژرێ
کێ ئەڵێ خودا ژن نیە چۆن ئەکوژرێ

سلێمانی سەلام سەعید

# لە قەدەرەوە....

نووسینی: ڕێبوار حەمەشەریف



بایێ نامۆەنێ..
تا هەنگاوێک بەرەو ئەودیوی خۆمم, ببا..
چ دۆزەخێکە ئەم ڕابردووەی مردن,
چ مەرگێکی ئەفسانەیە:
نابینام و خۆمێک، بێ منم !
پەنجەرەکان ..
بێ شوشەن، پەردەکان,
وەکو مردویەک لە کفن هەڵپێچراون !
تەنانەت تریفەیەک نارژێتە ژورێکەوە ،
سەیرکە ..
ئەم هەموو باڵندانە لێرە ... ئاوارەن و
ماڵێک لە پوش، بۆ تەنیا وەرزێکیان هەڵچنیوە!
ئاخر بلّێ :
گوناهی شەپۆل چییە ؟
دەریا بۆ ؟
سەر ئەنێتە سەری وا مەستە و تیژڕەو، بەچنگ،
تا دورترین کەنار سەری خۆ هەڵگرێت و نەوەستێت !
یا لەخۆوە ئەم هەموو دارانە...
بۆ هەر یەکیان، ناوێکی لە خۆ ناو ناوە !
بۆچی... ڕەشەبا بێزوکەرێکەو,
چوار وەرزیان پێ دەفرۆشیت ،
بێزم لەو چیمەنە دەبێتەو چەند بەناز خۆی دەنوێنێ و ,
وەرزێکی ساردیش دێ .. سڕو زەردوو مردوو .
نابینم کوا ؟!
دەنگێک و گۆرانیەک...
نەغمەیەک، لە گەرو وەوە، هەناسەیەک وەکو سید علی ئەسغەری و
چریکەیە لە سیاچەمانە...
دوور دەڕوا بیرێکی سەرگەردانی ...
قەدەرێکە !
خۆم نیم و کەچی لێرەم، خۆم !
قەدەرێکە.
ئەو گوڵانە ئەبینم
ڕەنگاو ڕەنگ چاوشارکێیانە,
بەڵام نازانم کامیان عاشقەو + کێان-
بەتەمای جوت بوون !
هەنگێک،
لە دورەوە دەبینم سەرەڕۆ وەکو من ،
بێ پورە و تەنیا,
دەبێ ئەویش بۆ کوێوە بچێ ؟
قەدەرێکە !
دەرگایەک لەسەر گازەرەی پشتەو
کەسێک، ڕێبوارێک، هاتووچۆی پێدا نەکرد !؛
قەدەرێکە!
خۆمم بە خۆمەوە، مەشغوڵکردووە و سەرم ناوەتە باوەشی زەبونییەوە!
تۆ بلّێیت من لێرەبم یا/:
هەر بۆ پیاسەیەک لە ئێوارە تاوێک هەنگاوێکی کوێر،
پاڵێک، چوزانم ......
منی لێرەوە نەهانیبێت .
قەدەرێکە
خۆمم بەستووە بە تاڵەکانی پرچی هەتاو,
مووروە شینەیەکی شێخ ئامۆش و,
دوو دەنکۆڵە گەنمی ...
گەنمە چرۆی عەبەی خاڵێ و,
ئەسپ زینکراوێکی ماڵی...
پاشای نەخشین و، هەموو هەموو
ئەمانە دێنە بەر نیگام و...
کەچی...خۆمم لێ ونە،
قەدەرێکە
لێرە نامۆم و
ڕێبوارێکم بە تەوێڵی ناوچەوانی غوربەتەوە .
بۆیە نیگام لەو شۆخە وا ترازاوە
کە هێمن هێمن هەنگاوەکانی هەڵدەهێنێت،
دەکرێ ...
هەردوو بە دیواری
مێژوویەکەوە
ناومان هاتبێتەوە بنوسرێت و بلّێن:
لە دێڕێکدا
ئێوەش... لە زەمەنێکدا لێرە بوون ....



# مێژووی شکست نەخواردووەکان

## چەند وشەیەک بۆ یادی شۆڕشی ١٣٥٧

دەڵێن لەم ساڵانەی دواییدا پرۆسەی "پشکنین" و "چاوپێداخشاندنەوە" لەنێو شۆڕشگێران و چەپەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا لەئارادابووە. چاوخشاندنێک بەو بڵاوکراوە زۆرانەی کە ئەم تەیفە و بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات بڵاویان کردووەتەوە، بوونی شتێکی لەم شێوەیە پشتڕاست دەکاتەوە، هەرچەندە گومانی جددی هەیە لەسەر ئەوەی کە "پێداچوونەوە" وشەیەکی گونجاو بێت بۆ وەسفکردنی ئەم پرۆسەیە. بە تایبەتی کاتێک گێڕانەوەی ڕاستییەکان کەس نیگەران ناکات، دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە وەک پرۆسەی تەوبەکردن وەسف بکرێت. بەڵام لە چاوی گشتیدا، کە بە تایبەت لەم ڕۆژانەدا ڕاستگۆیی سیاسی حوکم دەکات، ڕەنگە وشەی "بیرکردنەوەی نوێ" هاوتایەکی باشتر بێت. یەکێک لە قوربانییە یەکەمەکانی ئەم پرۆسەی بیرکردنەوە نوێیە، چەمکی شۆڕش و شۆڕشگێڕی بە گشتی و شۆڕشی بە تایبەتی ١٣٥٧ بووە..

مانگانە کێوێک بابەت لەلایەن تاک و دەستە و بزووتنەوەکانەوە کە پێکهاتوون لە ڕزگاربووان و ئەو شۆڕشگێڕانەی شۆڕشی ١٣٥٧ کە چوونەتە تەمەنەوە بڵاودەکرێتەوە. خوێندنەوە و شوێن کەوتنی هەموو ئەمانە و بەشداریکردن لە سەرقاڵبوون و دونیا دەروونییەکانی نووسەرانیاندا، هەم بێهودە و هەم زۆر قورسە. بەڵام زەحمەت نییە پرۆسەی "بیرکردنەوەی نوێ" ببینین کە باسی لێوەکرا. دەکرێت سوود لە میتۆدی "تێکەڵکردنی ماناکان" وەربگرین کە ئامرازێکی دەروونناسەکانە و کاردانەوەی ئەم ئەدەبیاتە بەرامبەر بە وشە سەرەکییەکان، بۆ نموونە خودی چەمکی شۆڕش بپشکنرێت. ئەو وێنەیەی کە بەدەست دێت هیچ بوارێک بۆ نارِوونی ناهێڵێتەوە. شۆڕش: توندڕەو، شۆڕش: توندوتیژی، شۆڕش: سەرکوت، شۆڕش:دارمان..

و بۆچی نا؟ ئاخر کێ هەیە لەو ڕزگاربووانەی شۆڕشی ١٣٥٧ کە بتوانێت بۆ ساتێک چاوەکانی دابخات و بیر لە ١٧ ساڵی ڕابردوو بکاتەوە و یادگاری شیرینی بێتەوە یاد؟ بە ملیۆنان کەس مەحکوم کران کە لە کۆنەپەرستانەترین و درندەترین سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بژین، کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای ترس و هەژاری و درۆ بنیات نرا کە تیایدا بەختەوەری حەرامە، ژن بوون تاوانە، ژیان سزایە و دەربازبوون مەحاڵە. نەوەیەکی تەواو، ڕەنگە زیاتر لە نیوەی خەڵک، چاویان لەم دۆزەخەدا کردۆتەوە و هیچ یادگارییەکی تریان نییە. وە بۆ زۆر کەسی تریش زیندووترین یادەوەری ڕووخساری لەبیرنەکراوی مرۆڤە پاکەکانە کە لە خوێن هەڵکێشران ئایا ئەوە نییە کە خاڵی دەستپێکی ئەم کابوسە ساڵی ١٣٥٧ بوو، ساڵی شۆڕش؟

ڕەنگە بۆ هەندێک، کۆتایی بێ ئاکامی شۆڕشی ١٣٥٧ ڕۆڵی هەبووبێت لە پرۆسەی ئەم"بیرکردنەوە نوێ"دا. بەڵام نە ڕادەی ئەم پەشیمانییە و نە تاڵیی تۆن و هیستریای بیرمەندە نوێیەکانی ئەمرۆ هیچ شتێک بە شکستی شۆڕشی ١٣٥٧ ڕوون ناکرێتەوە. وەک ئەوە وایە لە تەنیشت پردێک دابنیشیت و گەڕانەوەی سوپایەکی دۆڕاو ببینیت.

چاوەڕوان نەکراو نییە ئەم دۆڕاوانە بە دڵتەنگ و سەرسوڕهێنەر و بێدەنگ و خەمۆکەوە ببینیت. بەڵام ئەم گروپە مشتەکانیان گرتووە. کاتێک بە وردی گوێی لێدەگریت، بۆت دەردەکەوێت کە ئەوان زە زەمەی سرودێک دەڵێنەوە، بەڵێ، هەڵە ناکەیت، ئەوان دێن بۆ شەڕ، بۆ شەڕی "سەر زەمین" و "ئۆردوگا" و "قەڵاکەی خۆیا"ن، یان بەهەر حاڵ ئەوەی کە خۆیان ڕۆژێک وەهایان بیر کردبێتەوە و ناویان بردووە. ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە "خۆ" و "خۆییەکان"ی دوێنێ. بۆ کەسێک کە لە ناو قەڵاکەوە سەیری دەرەوە بکات، دەبێ ئەمە دیمەنێکی ترسناک بێت

بە دەگمەن شۆڕشێکی بەئاکام نەگەیشتوو و بزووتنەوەیەکی شکستخواردوو بەو شێوە تاڵە لەلایەن تامەزرۆیانی دوێنێیەوە بەڕێکراابێت. شۆڕشی دەستووری، بزووتنەوەی بە نیشتمانیکردنی پیشەسازی نەوت، دەسەڵاتی ئالیندێ، شۆڕشی پورتوگال، مانگرتنی کانگەرەکانی بەریتانیا، بۆ نموونە، هەمیشە لە نێو پێشینەکانیان و بەشداربووانی خۆیاندا ڕێزێکی زۆریان هەبووە. لە شوێنێکی دیکەدا بگەڕێین بۆ هۆکاری بیرکردنەوەی نوێی شۆڕشگێڕانی دوێنێی ئێران. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەم ساڵانە، ساڵانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧، هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوێکی زۆر گرنگتر لەسەر ئاستی جیهانی. دارمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات کە لەم دواییانەدا تەنیا لە پڕوپاگەندەی فێڵبازترین وتەبێژانی پەیمانی وارشۆ و ناتۆ و پیرۆزترین لایەنگرانیاندا بە "کەمپی سۆسیالیزم" ناوزەد کرا، بوومەلەرزەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە هەموو جیهانی هەژاند . کردەی لابردنی یەک جەمسەری لە جیهانێکی دوو جەمسەری، جیهانێک کە هەموو شتێک، لە ئابووری و بەرهەمهێنانەوە تا زانست و هونەر، بۆ دەیان ساڵ لەسەر بنەمای دژایەتی ئەو دوو جەمسەرە پێکهاتبوو، بەس نائارامکەر بوو. بە ڵام ئە وە ی لە کایە ی فکر و ئەندێشەدا چارە نووسساز بوو، ئە وە بوو کە حوکمڕانانی جیهان و ڕەوە بەرفراوانە کە یان لە وتە بێژی و بانگەشەکارانی نۆکەریان لە زانکۆ و ڕاگە یاندنە کاندا توانیان ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهە ڵات وە ک ڕووخانی کۆمۆنیزم و کۆتایی سۆسیالیزم و مارکسیزم نیشان بدەن. بێگومان تەواوی ئەم کردەوەی چەواشەکاریە بۆ ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ کۆتایی نەهات و هەموو بەڵگەکانی ئەمرۆ ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەم سەردەمی فریوکاریە کۆتایی هاتووە. بەڵام ئەم شەش ساڵە جیهانی هەژاند. ئەمە کۆتایی سۆسیالیزم نەبوو، بەڵکو ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە بەڕاستی کۆتایی سۆسیالیزم دەتوانێت چ کابوسێک بێت و جیهان بەبێ بانگەوازی سۆسیالیزم و بەبێ هیوای سۆسیالیزم و بەبێ "مەترسی سۆسیالیزم" دەگۆڕێت بۆ چ لیتاوێک " لە سۆسیالیزم. دەرکەوت جیهان، لە حاکم و مەحکومەوە، سۆسیالیزم بە گۆڕانکارییەوە دەبەستێتەوە. کۆتایی سۆسیالیزمیان بە کۆتایی مێژوو ناوبرد. دەرکەوت کۆتایی سۆسیالیزم کۆتایی چاوەڕوانی یەکسانییە، کۆتایی بیرکردنەوە و پێشکەوتنی ئازادە، کۆتایی چاوەڕوانی خۆشگوزەرانییە، کۆتایی هیوای ژیانێکی باشترە بۆ مرۆڤایەتی. کۆتایی سۆسیالیزم بە سەروەری بێ مشتومڕی یاسای جەنگەڵ و ڕەسەنایەتی هێز لە ئابووری و سیاسەت و کولتووردا پێناسە کرا. وە یەکسەر فاشیزم، ڕەگەزپەرستی، پیاوسالاری، نەتەوە پەرستی، ئایین، دژە کۆمەڵگە و زۆرەملێ لە هەموو کون و کەلەبەرێکی کۆمەڵگادا هاتە دەرەوە.

شەپۆلی "بیرکردنەوەی نوێ" کە دوای ئەم ڕووداوە لە هەموو جیهاندا دیار بوو. لە کێبڕکێیەکی نێودەوڵەتی پەشیمانی و نەرگسیدا، باشترینەکانی دوێنێ ڕیسوا کران، پرەنسیپەکانی دوێنێ نەفرەتیان لێکرا و ئایدیالی دوێنێش گاڵتەیان پێکرا. زەلیلبوون و تەسلیمبوون وەک مانای ژیان لەسەر کورسی دانیشتبوو. لە فەرهەنگی تەوابیتی ڕۆشنبیرانی نەزمی نوێدا، هەرکەسێک ژیانێکی باشتری بۆ هاوپیشەی خۆی دەویست و پێیوابوو بارودۆخی هەنووکەیی دەتوانێ و دەبێ بگۆڕێت، هەرکەسێک باوەڕی بە یەکسانی مرۆڤ هەبووبێت و بانگهێشتی ئایندەیەکی باشتری کردبێت، هەرکەسێک پێویستی بە هەوڵی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان بۆ کاریگەربوون بزانیێت باسی لە چارەنووسی ئەوان و پشکی خۆیان لە جیهاندا دەکرد، هەرکەسێک حکومەت و کۆمەڵگای بە بەرپرسیار لە تاک و ئاسوودەیی و ئازادییەکەی دەزانی، لەلایەن هەزار و یەک تریونییەوە نازناوی لێدەدرا وەک خەیاڵی و مۆدێرن و بێ عەقڵ و پێ لە هەوا. نیشانەی بێ ئومێدی ورد بوو، وازهێنان لە ئایدیاڵە بەرزەکانی مرۆڤایەتی و ڕیالیزم و تێگەیشتووی پێی دەگوترا. لەناکاو دەرکەوت کە هەموو ڕۆژنامەنووسێکی تازە دامەزراو و هەر پرۆفیسۆری یاریدەدەرێکی تازە دامەزراو و هەر عەقیدێکی خانەنشینکراو وەڵامی زەبەلاحە ڕۆشنبیرەکانی جیهانی مۆدێرن، لە ڤۆڵتێر و ڕۆسۆوە تا مارکس و لینین و تەواوی کێشەی ئازادیخوازی و یەکسانییان هەیە و هەوڵەکانی سەدان ملیۆن کەس لە چەند سەدەی ڕابردوو جگە لە کات بەفیرۆدانێکی بێ ئەنجام لە ڕێگای کۆشکی شکۆمەندی "کۆتایی مێژوو" هیچی تر نەبووە و پێویستە بە زووترین کات لەبیر بکرێت.

هەر لە چوارچێوەی ئەم فەزا نێودەوڵەتییەدایە کە شۆڕشگێڕانی دوێنێ "بیرکردنەوە" لە شۆڕشی ١٣٥٧ و شۆڕشگێڕی بە گشتی؛ وە ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان هێناوە، نەک شکستی شۆڕشی ١٣٥٧، قەرزاری ڕەوتی گاڵتەکردنە بە ئایدیاڵ و پرەنسیپەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە بۆ چەند ساڵێک بوو بە مۆدێلی ڕۆژ.

باس لەوە کراوە کە مێژوو هەمیشە لەلایەن سەرکەوتووەکانەوە دەنووسرێت. بەڵام پێویستە ئەوەش زیاد بکرێت کە ئەو مێژووەی دۆڕاوەکان نووسیویانە زۆر درۆتر و ژەهراویترە. چونکە ئەم دووەمیان هیچ نییە جگە لە یەکەمیان لە بەرگی سەرەخۆشی و ماتەمینی و ملکەچبوون و خۆ فریودان. ئەگەر مێژوو چیرۆکی گۆڕانکارییە، ئەوا مێژووی ڕاستەقینە مێژووی نەدۆڕاوەکانە. مێژووی ئەو بزووتنەوە و مرۆڤانەیە کە تا ئێستاش گۆڕانکاریان دەوێت و هەوڵ بۆ گۆڕانکاری دەدەن. مێژووی ئەو کەسانەی کە ئامادە نین ئایدیاڵ و هیواکانیان بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بنێژن. مێژووی خەڵک و ئەو بزووتنەوانەیەکە لە هەڵبژاردنی پرەنسیپ و ئامانجەکانیاندا دەسەڵاتیان نیە و ناچارن هەوڵی باشترکردنی ئەوەی کە هەیە

بدەن. شۆڕشی ١٣٥٧ لە مێژووی هەردوو سەرکەوتوو و دۆڕاودا هەنگاوێکە لە سەرهەڵدانی ئیسلام و ئیسلامیزم و هۆکاری ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆ لە ئێراندا زاڵە. بەڵام لە مێژووی ڕاستەقینەدا شۆڕشی ١٣٥٧ بزووتنەوەیەک بوو بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی کە تێکشکا.

نەهامەتیەکانی قۆناغی دوای شۆڕش لە ئێران دەبێ بە پێی هۆکارەکانیان بنووسرێن. خەڵک مافی ئەوەیان هەبوو کە دەسەڵاتی پاشایەتی و هەڵاواردن و نایەکسانی و سەرکوت و بەکەمزانین کە بناغەکەی پێکهێنابوو نەیوێت و دەست بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرێت. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا خەڵک مافی ئەوەیان هەبوو کە پاشایان نەوێت، ساواکیان نەوێت، ئەشکەنجەدەر و ئەشکەنجەخانەیان نەوێت. خەڵک مافی ئەوەیان هەبوو کە چەک هەڵبگرن لە دژی ئەو سوپایەی کە کوشتاری کردوون بە یەکەم نیشانەی نارەزایەتی. شۆڕشی ١٣٥٧ بزووتنەوەیەک بوو بۆ ئازادی و دادپەروەری و کەرامەتی ئینسانی. بزووتنەوەی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی تەنیا بەرهەمی ئەم شۆڕشە نەبوون، بەڵکو چەکێک بوو کە بە ئاگادارییەوە هێنرایە مەیدان بۆ سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشە، لە کاتێکدا لاوازی و داکشانی ڕژێمی شا پێشتر پشتڕاستکرابووەوە. بە پێچەوانەی بۆچوونە باوەکان، کۆماری ئیسلامی بە پلەی یەکەم بوونی خۆی قەرزاری تۆڕی مزگەوتەکان و مەلا زۆرەکان نەبووە. سەرچاوەی ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵاتی ئایین لە نێو خەڵکدا، دەسەڵاتی شیعەگەری، بێ بایەخی خەڵک بە مۆدێرنیزم و بێزاری خەڵک لە کولتوری ڕۆژئاوا، خێرایی لە ڕادەبەدەر لە شارنشینی و نەبوونی "پراکتیکی دیموکراسی" و هتد نەبووە. ئەم قسە بێمانایە ڕەنگە زیان بە پیشەی "ڕۆژهەڵاتناس" و شرۆڤەکارانی میدیا بگەیەنێت، بەڵام ئەم بێمانایە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاستییەوە نییە. بزووتنەوەی ئیسلامی هێنرایە بەرەی گۆڕەپانی شۆڕشی ١٣٧٩ لە لایەن هەمان ئەو هێزانەوە کە تا دوێنێ ڕژێمی شایان گرتبووە ژێر باوەش و فێرکەری ساواکیش بوون. ئەوان توانای ڕادیکاڵبوون و چەپدەستی شۆڕشی ئێرانیان دەزانی و وانەی خۆیان لە مانگرتنی کرێکارانی پیشەسازی نەوت وەرگرتبوو. لە شەڕی سارددا پێویستیان بە پشتێنێکی سەوز بوو. بۆ "ئیسلامکردنی" شۆڕشی ئێران، پارە خەرج کرا و پلانێک داڕێژرا و کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا. هەزاران کەس لە دیپلۆماتکارانی ڕۆژئاوایی و ڕاوێژکاری سەربازییەوە تا دەگاتە ڕۆژنامەنووسانی هەمیشە

شەرەفمەندی جیهانی دێموکراسی، بۆ ماوەی چەند مانگێک ئارەقەیان بۆ دروستکردنی "ڕابەری شۆڕش" و حکومەتێکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ نەریتێکی دواکەوتوو، پەراوێز، قاڵب و گۆشەگیر لە مێژووی سیاسی ئێراندا ئارەقیان ڕشتووە .بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و نوێی پیشەسازی لە ئێران لە ساڵی ١٣٥٧. کاک خومەینی لە نەجەف و قومەوە نەهاتووە و بە سەر قافڵەی مەلا کەرسوارەکان و بەسواری کەر لە ڕێگای دیهاتەوە نە هاتووە، بەڵکو لە پاریسەوە و لەگەڵ هەڵاتنی شۆڕشدا هاتووە. شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بەرجەستەی نارەزایەتی ڕاستەقینەی خەڵکی بێبەشی ئێران بوو، بەڵام "شۆڕشی ئیسلامی" و نیزامی ئیسلامی بەرهەمی شەڕی سارد بوون، بەرهەمی مۆدێرنترین هاوکێشەی سیاسی لە جیهاندا ئەو سەردەمە . تەلارسازەکانی ئەم ڕژێمە ستراتیژیست و داڕێژەری سیاسەتی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بوون. ئە وانە ی ئە مرۆ لە ناو تالاوی ڕێژە گە ڕیی کولتوورییە وە ، جارێکی دیکە دێوە زمەی دروستکراوی خۆیان وە ک بە ڕهە می سروشتی "کۆمە ڵگە ی ڕۆژهە ڵات و ئیسلامی" و شایستە ی خە ڵکی "جیهانی ئیسلامی" ڕەوای پێدە دە ن. تەواوی دامەزراوە ئابووری و سیاسی و پڕوپاگەندەییەکانی ڕۆژئاوا بۆ چەند مانگی پێش بەهمەن و دوای بەهمەن ١٣٥٧ کۆکرانەوە بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بخەنە سەر تەخت و لەسەر پێی خۆی بهێڵنەوە. بەڵام ئەوەی کە توانی ئەم ئەندازیارییە کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا جێبەجێ بکرێت، بەهۆی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئێرانەوە بوو. مادەی پێویست بۆ ئەم کارە هەبوو. بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە بوونی هەبووە. بەڵام تا ڕووداوەکانی ئێران، لە هیچ خاڵێکدا ئەم بزووتنەوەیە نەبووە ڕەوتی سیاسی بەرچاو و یاریزانێکی سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتانەدا. (دژی) شۆڕشی ئیسلامییان نە بە هێزی بێ بایەخی بزووتنەوەی ئیسلامی، بەڵکو لەسەر شانی نەریتە سەرەکییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بنیات ناوە. دژە شۆڕشی ئیسلامییان لەسەر شانی نەریتی نەتەوەیی و بەرەی نەتەوەیی بەناو لیبراڵ بونیادنا، کە لە هەموو شتێک زیاتر لە کرێکاران و کۆمۆنیستەکان دەترسا و هەموو تەمەنی خۆی بە گازگرتنی لە نینۆکەکانی لە ژێر بەرگی پاشایەتی و ئاییندا بەسەر بردبوو. نەریتێک کە بە درێژایی مێژووی خۆی نەیتوانی تەنانەت هێرشێکی نیمچە عەلمانی بۆ سەر ئایین لە سیاسەت و فەرهەنگ لە ئێراندا بکات. نەریتێک کە سەرکردە و کەسایەتییەکانی لە یەکەم کەسەکان بوون کە بەیعەتیان بە بزووتنەوەی ئیسلامی داوە. شۆڕشی دژەئیسلامیان لەسەر شانی

نەریتی حیزبی تودە بنیادنا، کە دژە ئەمریکیبوونەکەی بە نرخ و بەهێزکردنی ئۆردوگای نێودەوڵەتییەکەی فەلسەفەی وجودگەرایی خۆی پێکهێنا و نیزامی ئیسلامیش بێ گوێدانە ئەوەی کە چی بۆ خەڵک و ئازادی دەهێنێت زەوییەکی بەپیت بۆ مانۆڕکردن و دەستکاریکردن دەبینێت. ڕژێمی ئیسلامییان لەسەر شانی نەریتی داڕوخاوی دژە مۆدێرنیستی، دژە "ڕۆژئاوایی‌بوون"، بێگانەپەرست، ڕابردوودۆست و ئیسلامی کراو، حوکمڕانی بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەی هونەری و ڕۆشنبیری ئێراندا، کە ژینگەی سەرەتایی لاوانیان پێکهێنا و نارەزایەتی خوێندکاران. خومەینی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، نەک لەبەر ئەوەی خەڵکی خورافات وێنەکەی ئەویان لەسەر مانگ بینیبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی تەقلیدی و ئەم کولتوورە نەتەوایەتییە خراپ و دواکەوتووە ڕەتیان کردەوە، کە لە ڕاستیدا هاوردەترین و دەستکردترین کەسایەتی سیاسییە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بووە"دروستکراوی ئێران"، وەک کەسێکی ناوخۆیی و دژە ڕۆژئاوایی ناسی و بۆ ستایشکردنی هەستا. دژە شۆڕشی ئیسلامی بەرهەمی ئەو ڕاستییە بوو کە دەستپێشخەری لە گۆڕەپانی نارەزایەتیدا لە دەستی بزووتنەوەی مۆدێرنیستی- سۆسیالیستی کرێکارانی پیشەسازی نەوت و پیشەسازییە گەورەکان کەوتە بەر دژایەتیی نەریتی ئێران. ئەوانە بوون کە سیمای خومەینی و سیناریۆی شۆڕشی ئیسلامییان لە ڕۆژئاوا وەرگرت و بە کردەوە بە جەماوەری خەڵکی ناڕازییان فرۆشت.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، چاوبەستی ئیسلامی تەنیا دەیتوانی پچڕانێک لە پرۆسەی شۆڕشی ١٣٥٧دا دروست بکات. ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە ڕاستەوخۆ دوای ڕاپەڕینی بەهمەن نیشانی دا کە دینامیزمی شۆڕش هێشتا هەر ماوە. دەریخست کە خەڵک بۆ ئیسلام نەک بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هاتوونەتە گۆڕەپانەکە و هەر لە گۆڕەپانەکەدا ماونەتەوە. لە کۆتاییدا، وەک زۆربەی شۆڕشەکان، شۆڕشی ١٣٥٧ لە کۆتاییدا نەک بە فێڵ و شانۆگەری، بەڵکو بە سەرکوتێکی زۆر خوێناوی شکستی هێنا. ماوەی نێوان ٢٢ بەهمەن ١٣٥٧ تا ٣٠ خورداد ١٣٦٠ هەموو ئەو دەرفەتە بوو کە ئیسلام و بزووتنەوەی ئیسلامی بەو هەموو وەبەرهێنان و هەوڵانە بۆ فەرمانبەرانی بێ ئومێدی ڕژێمی شا بکرن. وە بێگومان پێویستیان بەم شتە زیاتر نەبوو. لە مێژووی ڕاستەقینەی ئێراندا ٣٠ خورداد بۆ ١٧ شەهریوەرەوە گرێدراوە و بەستەری داهاتووە. خومەینی، بازرگان، سەنجابی، مادانی، فرووەر، یەزدی، بەنی سەدر، ڕەجایی و بەهەشتی ئەو ناوانەن

کە پێویستە محەممەد ڕەزا پەهلەوی، ئاموزگار، شەریف ئیمامی، بەختیار، ئەوەیسی، ئەزهەری و ڕەحیمی، وەک ئەو پارچانەی کە یەکێک لە دوای یەک دێنە سەر شانۆ بۆ ئەوەی ڕێگە لە شۆڕش و نارەزایەتی خەڵک بگرن. ڕژێمی شاهانە و پیاوە ڕەنگاوڕەنگەکانی بە لێدانی یەک لە دوای یەک لە بزووتنەوەی نارەزایەتیەکاندا شکستیان هێنا. حکومەتی ئیسلامی لەبری ئەوە توانی دەرفەتێک بکڕێت و هێزی کۆنەپەرست ببوژێنێتەوە و شۆڕشی خەڵک بە خوێناویترین شێوە تێکبشکێنێت. بەرنامەی کاری هەردوو ڕژێمەکە وەک یەک بوو.

زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران زۆر گەنجن کە تەنانەت یادەوەرییەکی ناڕوونیان لە شۆڕشی ١٣٥٧دا هەبێت. پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەدا جیاواز نییە لە پەیوەندی نەوەی شۆڕشگێڕانی ساڵی ١٣٥٧ لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی موسەدیق و ڕووداوی ٢٨ی مورداد. سەردەمێکی ڕابردوو و دەست لێنەدراو کە پێدەچێت تەنها لە مێشکی نەوەی هاوچەرخیدا زیندوو و گرنگ بێت. گێڕانەوەکانی ئەو سەردەمە زۆرن و جیاوازن، بەڵام لەجیاتی ئەوەی شتێک لەسەر حەقیقەتی مێژوویی بڵێن، حوکم لەسەر خودی گێڕەرەوە و شوێنی خۆی لە جیهانی ئەمڕۆدا دەدەن. مرۆڤ هەمیشە لە پەنجەرەی ئەمڕۆوە ئاوڕێک لە ڕابردوو دەداتەوە و بەدوای پشتڕاستکردنەوەی ئیرادە و کردارەکەی ئەمڕۆدا دەگەڕێت. بە ئاوڕدانەوە لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، بیرمەندە نوێیەکانمان چاویان لە هەڵکردنی ئاڵایەک لە ئێران لە ساڵی ١٣٧٥دایە. بەڵام ئەم ئاڵایە هەمیشە بوونی هەبووە. بابەتێکی لاوەکییە کە هەموو جارێک کێ لە ژێر ئەم ئاڵایە کۆدەبێتەوە، بە چ مەراسیمێک و بە چ دوعا و ئایەتێک.

**مەنسور حیکمەت**

**چاپی یەکەم: وەرزنامەی نوختەی ژمارە ٤ و ٥، زستانی ١٣٧٤ و بەهاری ١٣٧٥**

**ئەم بابەتە لە مانگی لە خوردادی ساڵی ١٣٧٥، لە بڵاوکراوەی ئینتەرناسیۆناڵی ژمارە ٢٩دا بڵاوکراوەتەوە.**

**لە هەفتەنامەی ئینتەرناسیۆناڵی ژمارە ٤٠ - ٢١ی بەهمەنی ١٣٧٩ - ٩ی شوباتی ٢٠٠١وە وەرگیراوە**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:**
**کاوە عومەر**

# لە مووچە بڕینەوە بۆ زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان بەرهەمی سیاسەتێکی شکستخواردووە دەبێت ڕاگیرێت!

قەیرانی مووچە پاش زیاتر لە دە ساڵ هێشتا تایتڵی یەکەمی هەواڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، کە ئەمڕۆ لەباتی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لەلایەن دەسەڵاتەوە نەخشەو پلانە سەرەکیەکەی خۆیانی پێ دەبەن بەڕێوە کە ئامانجیان خامۆشکردنی شەقام و یەک دەست کردنەوەی دەسەلاتە بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتیەکان و دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی هەلسوراوانێک کە پێ لەسەر بەردەوام بوونی خەبات دادەگرن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانمان!

ئەوەی کە بینیمان لەم ڕۆژانەدا لەبەرامبەر ئەگەری دەستپێکردنەوەی نارەزایەتیەکان،



پەرچەکرداری لیژنەی ئەمنی پارێزگاری سلێمانی بوو بۆ دواخستنی نارەزاییەتیەکەی مامۆستایانیان بەپاساوی دروست بوونی پشێوی.

هێشتا مرەکەبی ئەم فتوادانە وشک نەبوەوە دەزگا ئەمنیەکانی سلیمانی هاتنە سەرخەت و ڕۆلی شایستەی خۆیان بینی کە لە پشت پلانی هێزو لایەنەکانی... ئۆپۆزیسیۆنی کودەتاچیەوە، کەوتنە دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی هەلسوراوان و میلیتاریزە کردنی شەقامەکانی شاری سلیمانی و ئازادکردنی ئەندامان و بەرپرسانی ئەو هێزانەی کە گوایە نەخشەوپلانی ئاژاوە نانەوەیان هەبووە.

لە راستیدا دەزگا ئەمنیەکان سەلماندیان کە مەبەستیان لە ناسەقامگیری و ئاژاوە نانەوە چییەو کێن ئەو کەسانەی کە ئەمنیەتی کۆمەلگە تێکدەدەن، لێرەشەوە سەلماندیان کە ئەم مامەلە کردنە هیچ شتێک نییە جگە لە سەرکوتکردنی نارەزایەتیەکانی شەقامە، کە ئەمەش پەڵەیەکی نەنگینە بە تەوێلی ئازادیەکەی ئەم دەسەلاتەوە، دەستگیرکردنی دەیان هەلسوراو شکنجەدان و سووکایەتی پێکردنی ژمارەیەک لە ژنانی هەڵسوراو جەوهەری عەدالەتخوازی ئەم دەزگایە نیشان دەدات .

گریمان ئەوەی لەشاری سلیمانی ئەنجامدرا... هەلوەشانەوەی پلانی کودەتاچیەکان بوو، ئەی دەستگیرکردنی شەش هەلسوراوی تر لە شاری کفری لە شەوی ٢٨/٦/٢٠٢٥ کە لە کۆبوونەوەدا تەنیا هەنگاوی یەکەمیان دەنا بۆ ئەنجامدانی نارەزایەتی دژ بە نەدانی مووچەو ئەوانیش هەلیان کوتایە سەریان و دەستگیریان کردن.

بەردەوام بوونی ئەم دەسەلاتە لەسەر ئەم ڕەوشتە سەرکوتگەرییە بەشێک بووە لە کارنامەی ئەم دەسەلاتە لەماوەی ٣٤سالی رابردودا .

بۆیە لەمبارەوە ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری بە توندی دژ بەم هەڕەشەو دەستدرێژی و دەستگیریکردنەی هەلسوراوانەو پێمانوایە کە شەقامی نارەزایەتیەکانی کوردستان پێویستە لە دەرەوەی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانەوە ئەم قۆناغە تێپەڕێنن، کە بەئاسانی هەرجۆرە کارێکی هاوبەش دەکرێتە پاساوی تاوانبارکردنی جولانەوەکەو پاساوهێنانەوە بۆ دەستدرێژی و زیندانیکردن و بەلاڕێدابردنی نارەزایەتییەکان.

بۆئەم مەبەستەش ئێمە بانگەوازی هەموو ڕێکخراو دەستە و هەلسوراوان دەکەین بۆ دەستگەشتنمان بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ ئاراستەکردنی شەقام و نەخشەیەکی ئامانجدارو شایستە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەرنامەو تاکتیک و شێوەکاری گونجاو ئامانجی هاوبەش بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەو ڕابەریکردنی نارەزایەتییەکانی شەقام پێبنێینە قۆناغێکی تازەی ئومێدبەخشەوە تا بە ماف و ئازادیەکانمان بگەین!

**ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری**

**٢٩/٦/٢٠٢٥**

## درێژەی دوا وتە

کوردایەتییەوە پیشوازی لێکرا، زۆر زوو جەنگی دەسەڵات لەناو باڵەکانی بۆرژوازی کوردا بەتایبەتی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کەمدا بە هەزاران ئینسان بوونە قوربانی و هەرێم کرا بە دوو زۆن و کوشتنی دیل و کردەوەی تیرۆریستی، وەکو بەرهەمی دیموکراسی و نەزمی نوێی دنیا، لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە بووە دیۆەزمەیەک لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان. تەنانەت تا ئێستا چارەنووسی هەزاران کەس لە دیلەکانی هەردوو لا دیار نییەو نازانرێت پارتی و یەکێتی ئەو هەزاران ئینسانەیان لەکام پێدەشت و بنار و تەپۆلکەو چیای کوردستاندا ژێر خاک خستووە. خۆ ئەگەر چەکی کیمیاوی و ناوکیان هەبوایە لەدژی یەکتری بەکاریان دەهێنا. دواتر هەر ئەم دەسەڵاتە نۆکەر پیشانە لەگەڵ هاتنەوەیان و گەیشتنیان بەدەسەڵات، بە پێچەوانەی هەموو بانگەشە پوچەکانیان سەبارەت بە ئازادی و مافی مرۆڤ و سەروەری و مافی تاک، دەستیان کرد بە تالانی دام و دەزگاکانی کوردستان و ئاودیووکردنی بۆ ئیران و فرۆشتنی، کەوتنە کوشتنی ژنان و لێبوردن لە تۆمەتباران و نۆکەرە ئینسان کوژەکانی بەعس، کەوتنە هیرش بۆسەر شوراکان و هەموو ئازادیخوازییەک و دەستبردن بۆ تیرۆری نەیارانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان و هەردوو لاش پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان خۆی بە لایەک پارتی بەتورکیا و یەکێتی بە ئیرانەوە هەلواسی و بوونە نۆکەری ئەوان و جێبەجیکاری سیاسەتەکانتان. لەو نۆکەر پیشەیەشدا هیرش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکەو هاوکاری بۆ تیرۆری کادر و رابەران و چالاکوانیان دەستی پێکرد.

ئەم پێشوازییەی بۆرژوازی عیراقی و کوردی لە جەنگ و گریدانی ئاسۆو ئامانجەکانیان بە بۆمب و جەنگ و کوشتار و سیاسەتی ئەمریکا و غەرب، سەرئەنجام ئەم ئەلگۆ شکستخواردووەی لە دەسەڵات لە عێراق و کوردستاندا بەدوای خۆیدا هێنا، جەماوەری چینی کریکار و بێبەشی لە عێراقدا رووبەرووی سەخترین هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و کەلتوری کردوتەوە و پاشەکشەیەکی یەکجار سەختی بەسەر کۆمەڵگەی عێراق و کوردستاندا هێنا. لە جێگای سەدام حسێنێکی دیکتاتۆر، دەیان سەدام حسێنی قەومی و دینی و تایفی جیگەیان گرتەوە. ئیستا دوای زیاتر لە دوودەهە لە دەسەڵاتی باڵەکانی بۆرژوازی عێراق بەسەر ناوەراست و خواری و عێراق و زیاتر لە سێ دەهە لە دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورددا، خەڵکی عێراق و کوردستان لەگەڵ نەبوونی خزمەتگوزاری و سەرەتایترین مافە فەردی و مەدەنیەکان و نەبوونی ئازادی سیاسی و تەنانەت نەبوونی موچە بەرەو روون، تالانی و دزی و گەندەڵی هەموو کەرت و جومگەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، یاسای کۆنەپەرستانەی سەرچاوە گرتوو لە عەشیرەت و هۆز و دین داسەپێنراوە. یاسای جەعفەری و بەشوادنی منالانی ٩ ساڵی بەفەرمی کراوە، لە هەرێمی دزەکانی کوردستاندا گۆرستانی بێ ناو نیشانی ژنان هەیە. ئودوی هەژاران و بێبەشان رۆژ بەرۆژ لە بەرین بوونەوەدایە و لەبەرامبەردا کەمایەتیەکی حزبی و بنەماڵەیی بوونە ملیاردیر و ملیۆنیر... ئەمە بەرهەمی خۆبەستنەوەی باڵەکانی بۆرژوازی ئێراقی بە کورد و عەرەبەوە بە جەنگ و ملهوری ئەمریکا و غەرب بوو... ئەمە بۆ چینی کریکار و جەماوەری بەشمەینەتی عێراق و کوردستان ئەزمونێکە لە وێرانکاری و پاشەکشە و ئەلگۆیەکی بەخوێن نووسراوە، کە قوربانیانی زۆر لە قوربانیانی دەستی بەعس و رژێمە دیکاتۆر و فاشیستەکان زیاترە... ئەم ئەزموونە کە بە جەنگ بە پاساوی بوونی چەکی کیمیاوی و هاوکاری لەگەڵ قایدەی تیرۆریست دەستی پێکرد، دوای جەنگ و ئاشکرا بوو، بیانویەکی پوچ و عێراق خاوەنی ئەو چەکی کیمایی نەبوو، قاعیدە و تاڵیبانیش، لەلایەن خودی ئەمریکاوە دەسەڵاتیان بەدیاری پێ بەخشرایەوە.

لە ئیستادا کە بەپاساوی نزیک بوونەوەی ئیران لە دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئیسرائیل و بە هاوکاری ئەمریکا و غەرب هیرش بۆسەر رژێمی کۆنەپەرستی ئیرانی دەستی پێکردووە، باڵەکانی بۆرژوازی ئێرانی لە ئاریامیهرییەکانەوە بۆ سلیبرتیەکان و ناسیونالیست و ئیسلامیەکان، لە سەراسەری ئیراندا هەل هەلە و پیشوازی لەم جەنگ و ملهورییە دەکەن، وەکو هیزە بۆرژوازییەکانی عێراق، ئاسۆ ئامانجی خۆیان بەستۆتەوە بە جەنگ و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، و دەیانەوێت لەو رێگایەوە و لە ئاکامی جەنگ و وێرانکردنی کۆمەڵگەی ئیران و لەسەر لاشەی لە خوێنهەڵکیشراوی خەڵکی ئیراندا، دەستیان لەدەسەڵات گیر ببێت و خەونی دوبارەکردنەوەی دەسەڵاتی نەنگینی بۆرژوازی عێراقی لە ئێراندا بەدی بهێنن.

ئەم جەنگ و ملهورییە ئاشکرایە کە دەتوانێت و دەبێتە هۆی پاشەکشە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی چینی کریکار و چین و توێژە بێبەبەشەکان و لاوازکردنی جوڵانەوەی سەرنگونکردنی دەسەڵاتی نەنگینی رژێمی جمهوری ئیسلامی، و بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی"ژن، ژیان، ئازادی"، لەلایەن هیزو گروپەکانی بۆرژوازییەوە وەکو رێگایەک بۆ رزگاری و رزگارکردنی خەڵکی ئیران و دەستراگەیشتنی خەڵکی کوردستان بە مافە سیاسیەکانی تەپڵی بۆ دەکوترێت.

ئەم هیزو لایەنە سیاسیانە، کە ئومیدیان بە جەنگ و ملهوری ئیسرائیل بەستۆتەوە، هیز گەلێکن لە دژی بزوتنەوەی چینی کریکار و بزوتنەوەی" ژن، ژیان، ئازادی" و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان لە پێناو مافە سیاسیەکانیان. ئەم هیز و لایەنانە کە بەکردەوە چوونەتە پشتی دەوڵەتی ئیسرائیل و سیاسەتی ئەمریکاو غەرب، جگە لە هیز گەلی نۆکەر پیشە لەدژی خەڵکی ئازادیخوازی ئیران و زیاتر شتیکی تر نین و دەبێ ماهیەتی دژی ئینسانیان، رووبەرووی نارەزایەتی بزوتنەوەی چینی کریکار و هیزو لایەنە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکان ببێتەوە وەکو تۆمەتبار لەپاڵ ئیسرائیلیدا، لێیان بروانرێت...

**سەرەتای تەموزی ٢٠٢٥**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward


بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
تاهیر حاجی حەسەن، کۆسرەت دڵشاد، توانا حەمە نوری، ڕێبوار یاسین، وریای رەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، سۆران لوتفی، نەجم محەمەد، مەنسور حیکمەت، ڕێبوار حەمە شەریف...

دۆسیەی ژمارە

بەدوای لێبوردنەوە بە هۆی هەڵەیەکی تەکنیکیەوە لەم ژمارەیەدا دۆسیە نییە...

## دەنگی زەنگی جەنگ... بەندی عەلی



دەنگی زەنگی جەنگ
دێتەگوێ و
بۆنکرۆزی سوتانی ژیان،
لە جەستەی ئەم
هەوارە بێ گیانە،
ئەمشەو
ترسی سبەی،
مۆتەکەیەو
لە پێلۆی چاو دەفرێنێ ،
خەو
...........

دوو بەردی هەمان
دەستاڕن
ئێوە ئەوان
وەک چۆن چڵی هەمان
دارن،
تیرو کەوان
وەک چۆن
هەردوو هەمان دەردی
مەترسیدارن... بێ دەوان
وەک چۆن سەدای پڕ
نەشازی
یەک هاواران .. هەمان
نەوان
ئێوەی (گوایە) باخەوان
و
ئەوانی باخدزی شەوان !!

دوا وتە

# ئەزمونێکی بەخوێن نووسراو...

**عەبدوڵا مەحمود**

لەسەرو بەندی ئامادەکارییەکانی ئەمریکا و غەرب بۆ هێرش کردنە سەر عێراق لە ساڵی ١٩٩١ دا، بە پاساوی بوونی چەکی کیمیایی و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە و مەترسی بۆسەر وڵاتانی ناوچەکە، هیزەکانی بۆرژوازی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی "باڵەکانی بۆرژوازی عەرەب، بۆرژوازی کورد" کە ببوونە هێزی لاوەکی و تێکشاو پەرتەوازە ببوون، کەوتنە خۆ کۆکردنەوە، و پێشوازی کردن لە سیاسەت و ملهوری ئەمریکا و غەرب. ئومێدی زیندبوونەوە و دوبارە هاتنە مەیدانی خۆیان گرێدا بە بۆمب و وێرانکاری جەنگێکی گەورە، کە ئامانجەکەی زۆر گەورەتر لە عێراق و چەکی کیمیای بوو. چەکی کیمیایی پاساوی هیرش و عێراق مەیدانی جەنگ، بەڵام ئامانج و پەیام، جێخستنی نەزمی نوێی دنیا بۆ ئارایش دانەوەی دنیای دوای شکستی بلۆکی شەرق.

لەو راستایەدا باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی، کەوتنە هەل هەلە و بەخشینەوەی پرۆپاگەندەی رزگارکردنی عێراق و دەربازبوون لەدەستی رژێمی بەعس و هێنانە دی خەونی ئازادی و گێرانەوەی شکۆ بۆ هاوڵاتیان. هەر لەوچوارچێوەیەدا، لەگەڵ لاوازبوونی رژێمی بەعس و قەسابی کردنی سوپاکەی لەلایەن ئەمریکا و غەربەوە، سەرەتا لە خواروی عێراق و پاشان لە کوردستاندا خەڵکی دەستیان دایە راپەرین. بۆرژوازی لە عێراقدا توانی ئاسۆ و ئامانجی خۆی و سیاسەتەکانی بکاتە سیاسەتی زاڵ و خەڵکی خوازیاری ئازادی و رزگاری لەستەمی بەعس، خۆشباوەر بکات بەوەی کە ئەگەر بەعس روخا، ئەوا ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافە فەردی و مەدەنییەکان زامن دەبن و ئاسەواری ستەم و سەرکوتگەری و بێمافی ناهێڵن.

سەرئەنجام عێراق، لە ڕێگای جەنگ و ملهوری سەربازییەوە روخا، کە لەگەڵ خۆیدا نەک تەنها رژێمی دڕندەی بەعس، بەڵکو دەوڵەتی عێراق لە بناغەوە هەڵتەکێنراو و ژێرخانی ئابوری و هەموو سیمایەکی مەدەنی عێراقی لەبەریەک دارماند و پاشەوپاش گەرانەوەیەکی یەکجار گەورەی لە هەموو ئاستەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و تەنانەت ئەخلاقی داسەپاند و لەجێگاییدا، نەتەوەپەرستی، فاشیزم و راسیزم، کۆنەپەرستی دینی و دەیان و سەدان گروپی ئینسانکوژی بەدوای خۆیدا هێنا و عێراقی دابڕ دابڕ لەسەر بنەمای دینی و مەزهەبی و تایفی و قەومی... کرد، و کۆمەڵگەی عێراقی بۆدەیان ساڵ بردە دواوە و ئاستی چاوەروانیەکانی تاکی عێراقی هیندە هینایە خوارەوە، تا ئاواتی مانەوەی فیزیکیان بخوازن. جەنگی ناوخۆیی لەسەر بنەمای تایفی و دینی، لە عێراقدا بەو پەری خۆی گەیاند و بە دەیان هەزار ئینسان لەسەر ناسنامەی تایفی و مەزهەبی بوونە قوربانی و نائارامی و کردەوەی تیرۆریستی ئینسان کوژی، بووە سیمای زاڵی عێراق. لە هەرێمی کوردستانیشدا، کە پێشوازی لە جۆرج بۆش و جەنگ لەلایەن حزبەکانی بزوتنەوەی

بۆ لاپەڕە 12

## بەرهەمی نوێی هونەرمەندان وریای رەسام و کاوان قادر



